Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# دروستەی پێوانەیی (پێ)ی ریتمیی و هێز لە مۆدێلیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی کوردیی دا

**م. لیمۆمحمود تۆفیق**

وەزارەتی پەروەردە،(کۆمەڵگەی پەروەردەیی کوردستان)

Faraydun.qadir@univsul.edu.iq

**پ. فەرەیدوون عەبدول محمد**

بەشی کوردیی،کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی

Faraydun.qadir@univsul.edu.iq

**پوختە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (دروستەی پێوانەیی (پێ)ی ریتمیی و هێز لە مۆدێلیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی کوردیی دا)، کە تیایدا ئاماژە دراوە بەوەی کە دروستەی پێوانەیی هەندێک لە وشە ئەرکییەکان و وشە فۆنۆلۆجییەکان بەشێکن لە دروستە پرۆسۆدیکییەکان و دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە. دروستەی پێوانەیی (پێ)ی ریتمیی و جۆرەکانی و شوێنی هێزدانان لە وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی دا راڤەکراوە. هەوڵ دراوە ئەوە بسەلمێنرێت کە وشە فۆنۆلۆجییەکان لە ئاستی فەرهەنگ دا بە ریتمێکی تایبەت دەر دەبڕرێن، یەکەی ‹ریتم›یش لە (پێ) پێکدێت و (پێ)یەکانیش لە برگە هێزدار و ناهێزدارەکان پێکەوە پێک دێن، کە هەر (پێ)یەکی هێزدار کە هێزی ئەکسێنتیی هەڵگرتووە، لە یەک تا سێ برگە پێکدێت و هێزەکە دەکەوێتە سەر بزوێنی یەکێک لەو برگە هێزدارانەی کە (پێ)یەکەیان پێکهێناوە. بە جۆرێک کە ریتمیی دانە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیی دا بە پێی جۆرە جیاوازەکانی (پێ)یەکە ئەبێت کە بە هۆی جیاوازیی لە شوێنی هێزەوە دروست ئەبێت لە وشەکە دا، یان بە واتایەکی تر ریتمیی وشەکان بە هۆی شوێنی هێزدانان لەسەر برگە پێکهێنەرەکانی (پێ)یەکەوە دروست ئەبێت، هێزیش لەسەر بنەمای جۆری پۆلەکەتیگۆری دانە فەرهەنگییەکە و دروستەمۆرفۆلۆجییەکەی دائەنرێت لە وشەکە دا. لە بەدەستهێنانی ئەم دەرئەنجامانەدا رەچاوی دروستەی پێوانەیی و مۆرفۆ-پرۆسۆدیکیی وشەکان کراوە.

**کلیلە وشە: (پێ)ی پێوانەیی و (پێ)ی ریتمیی، (پێ)ی ترۆکێکیی و (پێ)ی داکتڵ، (پێ)ی ئایامبیکیی و (پێ)ی ئەناپست، (پێ)ی سپۆندیی ، (پێ)ی بەدیهێنراو/نەبەستراوە، (پێ)ی پێکەوەبەستراو**

Recieved: 14/1/2024
Accepted: 1/3/2024



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# ١/. پێشەکیی:

لـەم لێکۆڵینەوەیـە دا هـەوڵ دراوە دروسـتەی پێوانەیـی (پـێ) لـە ئاسـتی فەرهەنـگ دا لـە کوردیـی دا دیـاری بکرێـت، کـە یەکێکـە لـە دروسـتە پێکهێنـەرە بنچینەییەکانـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی. بـۆ ئـەوەش پێویسـتە دروسـتەی پێوانەیـی و دروسـتەی مۆرفۆپرۆسـۆدیکیی وشـەی فۆنۆلۆجیـی دیاریبکرێـت، چونکـە نواندنـی پێوانەیـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی لـە فەرهەنگـی کوردیـی دا بـە پێـی ریتمێکـی تایبـەت ئەبێـت، کـە پەیوەسـتە بـە ئەکسـێنتی ‹هێـزی ریتمی›یـەوە، کـە لەسـەربنەمای پۆلەکەتیگۆرییانـەو مۆرفۆلۆجییانـە دائەنرێـت بـە پێـی یاسـای هێـزی مۆرفۆلۆجیـی بەرامبـەر ریتمیـی. جێبەجێکردنـی ئـەم بنەمایـەی هێزدانانیـش بـە پێـی یاسـافۆنۆلۆجییە پرۆسـۆدیکییەکان ئەبێـت لـە کوردیـی دا. لـەم بارەیـەوە چەنـد پرسـیارێک دێتـە ئـاراوە:

- ئایا یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دەکەونە ئاستی فەرهەنگ یان ئاستی دوافەرهەنگەوە؟

-ئایـا کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکان کەتیگۆرییـە پێوانەییەکانـی وەک (مـۆرا، بڕگـە، پـێ، وشـەی فۆنۆلۆجیی)یـش لـە خـۆ دەگـرن؟

-ئایـا (هێزدانـان) لـە ئاسـتی فەرهەنـگ و دوافەرهەنـگ دا، بـە پێـی دروسـتەی بڕگـە یـان (پێ)دائەنرێـت لـە کوردیـی دا؟

-دروسـتەی (پـێ) و جۆرەکانـی، پەیوەسـت بـە ریتمـەوە، چ پەیوەندیەکیـان بـە (هێـز)ەوە هەیـە لـە کوردیـی دا؟ چ کاریگەرییەکیـان لەسـەر دروسـتەی پێوانەیـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی ئەبێـت؟

- چـۆن ئاسـتەکانی فەرهەنـگ و دوافەرهەنـگ بە پێی شـوێنی هێـز و نواندنی دروستەی پێوانەیـی دانەفەرهەنگییەکان شانبەشـانی پرۆسـە مۆرفۆلۆجییەکانی وشـەڕۆنان دیاریدەکرێت لە کوردیی دا؟

زۆربـەی لێکۆڵینـەوە دەنگسـازییەکان لـە زمانەوانیـی کوردیـی دا، بـە پێـی تیـۆری فۆنۆلۆجیـی بەرهەمهێنـان ئەنجـام دراون، تیایانـدا ئامـاژە دراوە بـە هێزدانـان، دروسـتەی پێوانەیـی وشـە تەنهـا لـەرووی بڕگـەوە و ئامـاژە دراوە بـە کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکانیش بەگشـتی، بـەڵام ئامـاژە نـەدراوە بـە دروستەی پێوانەیی وشـە لەرووی دروسـتەی (پێ) یـە پێکهێنەرەکانیانـەوە، پەسـنی دروسـتەی (پـێ) و جۆرەکانـی پەیوەسـت بـە (هێـز)ەوە نەکـراوە و کاریگەرییەکەیـان لەسـەر دروسـتەی پێوانەیـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی نەخراوەتـەڕوو. سـەرەڕای ئاماژەنـەدان و پشـتگوێ خسـتنی دروسـتەی ریتمـی و هەبـوون یـان نەبوونـی لـە دانـە فەرهەنگییـەکان لـە ئاسـتی فەرهەنـگ و لەدەربـڕاوە فۆنۆلۆجییەکانـی ئاسـتی دوافەرهەنگـدا. لـەم توێژینەوەیـەدا بـە پشـت بەسـتن بـە ڕێبـازی پەسـنی شـیکاریی و هەڵهێنجـان هـەوڵ ئەدرێـت وەڵامـی ئـەو پرسیارانە بدرێتـەوە بـۆ زمانـی کوردیـی شـێوەزاری سـلێمانی. لـە سـێ بەشـدا: لەبەشـی یەکـەم دا، لەڕێـی بەکارهێنانـی بنەماکانـی تیـۆری فۆنۆلۆجیـی فەرهەنگـی و دوافەرنگییـەوە لـە تێڕوانینـی پرۆسـۆدیکییەکەی دا، هەوڵـدراوە ئـەو دەرئەنجامـە بەدەسـت بێـت کـە یاسـافۆنۆلۆجییە پرۆسـۆدیکییەکان دەکەونـە فەرهەنگـەوە، کەتیگۆرییـە پێوانەییەکانیـش بەشـێکن لـە کەتیگۆریـە پرۆسـۆدیکییەکان. لەبەشـی دووەمـدا دروسـتەی (پـێ) و جۆرەکانـی، پەیوەسـت بـە ریتمـەوە، پەیوەندییـان بـە (هێـز)ەوە روونکراوەتـەوە لەگـەڵ پەسـنکردنی دروسـتەی پێوانەییـی وشـەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسـۆدیکیی. لەبەشـی سـێیەم دا بـە کورتیـی پەسـنی جـۆری هێـزی ئەکسـێنتی کراوە کـە ئەکسـێنتی هێـزی ریتمییـە لـە کوردیـی دا، کـە جۆرەکانـی (ئەکسـێنتیی هێـزی ریتـم چەسـپاو، ئەکسـێنتیی هێـزی ریتـم گـۆڕاو) ئەگرێتـەوە و ئـەوەی دواییشـیان ئەبێـت بـە هێـزی سـەرەتاگری یـان کۆتاگـری، یـان ئەبێـت بـە هێزێکـی پلـەداری ریتمـی. لەبەشـی چوارەمـی ئـەم توێژینەوەیـەدا ئاسـتەکانی فەرهەنـگ و دوافەرهەنـگ بـە پێـی شـوێنی هێـز و نواندنـی دروسـتەی پێوانەیـی دروسـتەی (پـێ)ی ریتمـی دانـە فەرهەنگییـەکان خراوەتـەڕوو.

١/ ١تێڕوانینی پرۆسۆدیکییانە لەتیۆری فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی دا:

یاسا پرۆسۆدیکییەکان: ئەو یاسا فۆنۆلۆجییانەن کە دەتوانرێت بواری بەکارهێنانیان لە رووی چەمکی بەستنەوە فۆنۆلۆجییە پرۆسۆیدیکییەکانەوە دابڕێژرێن، (Booij١٩٩٢: ٦٤),)).)

نێسپۆر و ڤۆجڵ (Nespor & Vogel ١٩٨٦) یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکانLexical rule و یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانProsodic rule بە دوو جۆری جیاکراوەی یاسا فۆنۆلۆجییەکانیان دادەنێن، کە دەکەونە دوو پێکهاتەی جیاوازەوە لە گرامەردا: وای دادەنێن یاسا فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دەکەونە فەرهەنگەوە، یاسافۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکانیش لەدواسینتاکس post- syntactically دا جێ بەجێ ئەکرێن، ئەمە گریمانەیەکی دیاری کراو لەخۆ ئەگرێت کە یاسا فۆنۆلۆجییەکان ناتوانن لەیەک کاتدا ئاماژە بۆ هەردوو دروستەی سینتاکسیی و دروستەی پرۆسۆدیکیی بکەن. بەرئەنجامی ئەم گریمانەیە ئەوەیە کە بڕگەبڕگەکردنsyllabification یان بە گشت پرۆسەکانی تری پرۆسۆدیککردن prosodification (وەک پێ پێ کردن footing...) ناکەونە ناو فەرهەنگەوە، بەڵکو دەکەونە دوافەرهەنگەوە (Booij, ١٩٩٢: ٦٤-٦٥). لەم بارەدا تەنها پێکهێنەرە بنچینەییەکان بۆ ئاستی فەرهەنگ دیاریکرابوون، کە تەنها بریتیی بوون لە (بڕگە و (پێ) و وشەی فۆنۆلۆجیی) کە بە هەرەمی پێوانەیی/مێتریکاڵیی دەناسرێت(In Hall, Kleinhenz ١٩٩٩.L.J. DOWNING , ١٩٩٩:٧٣). وەک لە هێڵکاری(١) هەرەمی مێتریکاڵیی و پرۆسۆدیکیی دا نیشاندراوە.

ئەم بۆ چوونە لە زۆربەی لێکۆڵینەوە فۆنۆلۆجییەکاندا، لە کوردیی دا جێبەجێکراوە، بەبێ وردبوونەوە لە دەرئەنجامەکانی. بەم پێیە بێت، هێزدانانیش بۆ دانە فەرهەنگییەکان دەکەوێتە دوافەرهەنگەوە، چونکە بەشێکە لە نواندنی فۆنۆلۆجییانەی دانە فەرهەنگییەکان، بەڵام بوویج (Booij, ١٩٩٢) بە پێچەوانەی ئەوانەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە یاسافۆنۆلۆجییە فەرهەنگیی و یاسا فۆنۆلۆجییە پرۆسۆدیکییەکان دوو کەتیگۆری جیاواز نین، یاسا فۆنۆلۆجییە سوورپییەکان و یاسافۆنۆلۆجییە دواسوورپییەکانیش، ئاماژە دەکەن بۆ بوارە پرۆسۆدیکییەکان، هەندێک لە دروستە پرۆسۆدیکییەکانیش لەسەروو ئاستی وشەوەدادەنرێن (وەک ئاستی پێ و بڕگە) لە بەشێکی فەرهەنگدا (Booij, ١٩٩٢: ٦٥). بانگەشەکەشی لە لێکۆڵینەوەکەدا بۆ زۆرێک لە زمانەکانی وەک: (فەرەنسیی French، پۆڵەندییPolish، هۆڵەندیی Dutch) سەلماندووە.

لەم توێژینەوەیەدا پێڕەوی بۆ چوونی (Booij, ١٩٩٢) کراوە، هەوڵ دراوە ئەوە بسەلمێنرێت کە دروستە پرۆسۆدیکییەکانی وەک (بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجی، هەندێک لە فرێزە فۆنۆلۆجییەکان) کە بە دروستە پێوانەییەکان/مێتریکاڵییەکان ناسراون، دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە و هەندێکی تری وەک (بەشێکی ترلە فرێزە فۆنۆلۆجییەکان، فرێزی تۆنیی، دەربڕاوی فۆنۆلۆجیی)یش دەکەونە ئاستی دوافەرهەنگەوە. لە ((Booij, ٢٠٠٦:٩٤-٩٧ دا دووبارەکراوەتەوە.

بە پێی ئەوە لە تێڕوانینی پرۆسۆدیکیی دا ئاستی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی = ئاستی وشەی فۆنۆلۆجیی(لە فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیی)دا، ئاستی فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگیی= ئاستی فرێزە فۆنۆلۆجییەکانی (فرێزی فۆنۆلۆجیی، فرێزی تۆنیی/ ئاوازەیی) لە فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیی دا. بە بەراوردکردنی هەردوو تێڕوانینی مۆرفۆفۆنەمیکیی/ مۆرفۆنۆلۆجیی و تێڕوانینی پرۆسۆدیکیی، دەردەکەوێت کە:

لە تێڕوانینی مۆرفۆفۆنۆلۆجیی دا: ئاستی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی= ئاستی مۆرفۆفۆنەمیکیی ( کەلە (عەبدولجەبار،سازان،٢٠١٨) و چەندیین سەرچاوەی تردا لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کراوە لە کوردیی دا)، هاوتای ئاستی فۆنۆلۆجیی وشەیە، ئاستی فۆنۆلۆجیی دوافەرهەنگییش= ئاستی مۆفۆرسینتاکسیی (کە لە (عەبدولجەبار،سازان،٢٠١٩) و چەندیین سەرچاوەی تردا ڕاڤەکراوە)، هاوتای ئاستی فۆنۆلۆجیی فرێزییە.

لەم بارەدا واتە لە تێکهەڵکێشانی هەردوو تێڕوانینەکە ئینکێلاس(١٩٨٩,Inkelas) وای دادەنێت لە هەرەمی کەتیگۆریی پرۆسۆدیکیی دا کە وەچەلقی ئاستی فەرهەنگییش ئەگرێتەوە تیایدا بواری وشەی پرۆسۆدیکیی PWord پێکهێنەرە بنچینەییە (مۆرفۆ-پرۆسیکیی morpho-prosodic)یەکان تری وەک (قەدی پرۆسۆدیکیی PStem و ڕەگی پرۆسۆدیکییش PRoot ) ئەگرێتەوە، کە دەکرێت بەم شێوەیە لەم هێڵکارییەدا بنوێنرێت:

هەرەمی پرۆسۆدیکیی لە (١٩٨٩:٨٠,Inkelas) پێشنیارکراوە،

دەربڕاو

فرێزی ئاوازەیی ئاستی دوافەرهەنگ

فرێزی فۆنۆلۆجیی

....وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی PWord..........................وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی PWord.....

قەدی پرۆسۆدیکیی PStem ئاستی فەرهەنگ پێ

ڕەگی پرۆسۆدیکییPRoot بڕگە

هەرەمی پێوانەیی/ مێتریکاڵیی(( selkirk, ١٩٨٦) (N & V, ١٩٨٦))

هێڵکاری(١) پێکداچوونی هەردوو ئاستی مۆرفۆ فۆنەمیکیی و پرۆسۆدیکیی وەرگیراوەلە١٩٩٩.L.J. DOWNING In: Hall, Kleinhenz , ١٩٩٩:٧٣)، کە پێکهاتە مۆفۆ-پرۆسۆدیکییەکان دەنوێنێت.

٢-١/١ کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان(هەرەمی پرۆسۆدیکیی):

کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان لە سەرچاوەکاندا بە (یەکە پرۆسۆدیکییەکان، دروستە پرۆسۆدیکییەکان، ،..) ناوهێنراون، لە ( Hays (١٩٨٢,١٩٨٤)، (Nespor & Vogel (١٩٨٢, ١٩٨٦)) ) وای دادەنێن کە ژینگە دارشتنە پرۆسۆدیکییەکان پێکهێنەری سەرەکی نواندنە فۆنۆلۆجییەکانن phonological representation ، پێی دەڵێن فرێزی فۆنۆلۆجییphonological phrase، (ئەم فرێزانەش لە دروستە پێوانەییەکان پێکهاتوون)، هەروەها لە کارەکانیان دا بە پێی ئەوەی کە نواندنە فۆنۆلۆجییەکان پێکدێت لە هەرەمی پێکهێنەرە پرۆسۆدیکییەکان، یان کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان، دەکرێت ئەم کەتیگۆرییانە بنبن بە بوارەتایبەتمەند و جیاکراوەکانی یاسا فۆنۆلۆجییەکان(Selkirk, ١٩٨٦:٣٨٣). درێژە پێدراوترین ڤێرژنی/دەرکردەی فۆنۆلۆجیی پرۆسۆدیکیی لە (Nespor & Vogel ١٩٨٦)کەبە (NV) ناسراون، وای دادەنێن کە هەرەمی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان پێکدێن لە :

بڕگە σ syllable

- پێ Σ foot

-وشەی فۆنۆلۆجیی PW ω Phonological Word /

-گروپی کلیتیکەکان Cl. Clitic group

-فرێزی فۆنۆلۆجییPhonological Phrase PPh / ϕ

-فرێزی ئاوازەییI IP/ intonational Phrase

-دەربڕاوی فۆنۆلۆجیی/ U phonological Utterance . Utt

ئـەم کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییانە لـە توانایانـدا هەیـە سـێ یاسـای سـەرەکی و شـاراوە لـە خۆبگـرن، کـە بریتیـن لـە: بـواری یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان domains of phonological rules، بـواری بەسـتنەوە فۆنەتیکییـەکان domains of phonetic constraints (بـواری دیاریکردنـی ڕێگەپێـدراو و ڕێگەپێنـەدراوەکان)، هەڵگـری پەیوەندییـە زەقکراوەکانن/،دەرکەوتوویی،ەکانـن bearers of prominence relations (بـۆ نموونـە پەیوەندیـی بەهێزیـی و لاوازیـی (برگـەو ‹پـێ› یـە... هاوسـێکان)). هەروەهـا (Nespor & Vogel ١٩٨٦) ئەوە دەسـەلمێنن کە دروستە پرۆسـۆدیکییەکان ئایزۆمۆرفێم/هاوتـای دروسـتە سینتاکسـییەکان نیـن ( Booij, ١٩٩٢: ٦٣-٦٤).

دەکرێت ئەو لێکدانەوەیە بەم شێوەیە شیبکرێتەوە:

کـە دەڵێـت [ئـەم کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییانە لـە توانایانـدا هەیـە سـێ یاسـای سـەرەکی و شـاراوە لـە خۆبگـرن، کـە بریتیـن لـە: بـواری یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان domains of phonological rules] واتـە لـە کەتیگۆرییەکـی پرۆسـۆدیکی وەک (وشـەی فۆنۆلۆجـی)دا یـان لـە هەریەکێـک لـەو کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییانەی تـردا کـە ئاماژەیـان پێـدراوە، یاسـا فۆنۆلۆجییـەکان تیایانـدا جێبەجـێ دەکرێـن ئـەوەش وادەکات کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکان ببنـە بـواری یاسافۆنۆلۆجییەکان لـە زمانێکـدا، بـۆ نموونـە لـە زمانـی کوردییدا بە هـۆی وشـەی فۆنۆلۆجییـەوە دەزانرێـت دەنگەکانی /ن/+/گ/= /ŋ/ ، کەواتـە بـواری ئـەم یاسا فۆنۆلۆجییە، وشـەی فۆنۆلۆجییـە، کـە کەتیگۆرییەکـی فۆنۆلۆجییـە و تەنها لـە کاتـی پرۆسـۆدیک کـردن دا / دەربڕیـن دا یاسـاکە جێبەجـێ دەکرێـت، وەک لـە وشـەی [ڕەنـگ، دەنـگ،..] دا کـە دەڵێـت [ کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکان لـە توانایاندایـە یاسایەکی تـری شـاراوە لـە خـۆ بگـرن کـە دەبنـە بـواری بەسـتنەوە فۆنەتیکییـەکان domains of phonetic constraints (بواری دیاریکردنـی ڕێگەپێدراو و ڕێگەپێنەدراوەکان)]، ئەمـەش بەواتـای ئـەوەی کـە ئـەو یاسا فۆنۆلۆجییانـەی کـە ڕێگـە پێـدراون یـان ڕێگـە پێنـەدراون لەنـاو کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکان دا جێبەجـێ دەکرێـن، وەک لـە نموونەکـەی پێشـتردا دەنگەکانـی /ن/+/گ/= کاتێـک ڕێگـە پێـدراوە بـبن بـە /ŋ/ کـە بکەونـە نـاو پاشـکۆ/کۆدا ی برگـەوە، گـەر بکەونـە سـەرەتا ی برگـەوە لـە وشـە فۆنۆلۆجیەکـەدا ڕێگـە پێـدراو نییـە بـبن بـە/ŋ/ وەک لـە وشـەی فۆنۆلۆجـی [نگیـن]دا نابـن بـە /ŋ/ لـە زمانـی کوردییـدا.

کـە دەڵێـت :[هەڵگـری پەیوەندییـە زەقکراوەکانن/،دەرکەوتوویی،ەکانـن bearers of prominence relations (بـۆ نموونـە پەیوەندیـی بەهێزیـی و لاوازیـی (برگـەو ‹پـێ› یـە هاوسـێکان ،..] واتـە لەنـاو کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکان دا شـوێنی هێـز دیاریدەکرێـت، بـە جۆرێـک ئەگـەر کەتیگۆرییـە پرۆسـۆدیکییەکە وشـەیەکی فۆنۆلۆجـی بـوو لـە دوو برگـە یـان زیاتـر پێکهاتبـوو، ئەگـەر (ناو)هێزدانـان تیایـدا کۆتاگـری ئەبێـت و هێـزی سـەرەکی دەکەوێتـە سـەر بزوێنی برگـەی کۆتایـی، لـەم بـارەدا وشـەکە کـە کەتیگۆرییەکـی پرۆسـۆدیکییە هەڵگـری پەیوەندییـە زەقکراوەکەیە(کـە هێزدانانەکەیەتـی) و بـە برگـە هێـزدارو برناهێـزدارە هاوسـێکانی وشـەکە دەنوێنرێـت لە کوردییـدا، چونکـە زەقکردنەوە و دەرخسـتن بـە (هێـز) دەکرێـت لەبەرئـەوەی زمانـی کوردیـی زمانێکـی هێزییـە. ئەگـەر زمانەکـە زمانێکـی تۆنـی بێـت پەیوەندییـە زەقکراوەییەکـە بەبرگـە هاوسـێیە تۆنـدار و برگـە ناتۆنـدارەکان دەنوێنرێـت. هەروەهـا بەهەمـان شـێوەیە بـۆ ئـەو وشـانەی کـە لـە دوو(پـێ) پێکهاتـوون، (پـێ)ی هێـزدار ئەبێتـە هەڵگـری زەقێتـی (واتـە ئەبێتـە هەڵگـری هێـز یـان تۆن)ەکـە، ئـەوەش پەیوەنـدی بەهێـزی و لاوازی لـە نێـوان برگـە و (پێ)یـە هاوسـێکان دروسـتدەکات.بڕوانە ١/ ٤ دیاریکردنـی ئاسـتەفەرهەنگییەکان بـە پێـی دروسـتەی پێوانەیی(پـێ)ی ریتمـی و هێـز لـە مۆدێلـی فەرهەنگیـی و دوافەرهەنگیـی کوردیـی دا:

نواندنی نموونە کوردییەکان دا.

لـە هەندێکـی تـر لـە سـەرچاوەکان دا (مۆرا)یـش بـە بچووکتریـن کەتیگـۆری پرۆسـۆدیکیی دائەنرێـت، وەک لـە (BRETT Hyde, ٢٠٠١:٥٠) و(Kiparsky, ٢٠٢١: ٦٥٧-٦٧٥). بەگشـتی هەریەکـە لـە ((Bekman&Edwards,١٩٩٠), (Gee&Grosjean,١٩٨٣), (Hays١٩٩٠),( Nespor & Vogel ١٩٨٦),( Selkirk, ١٩٨٦)))دا .

### ١-٢-١/١مۆڕا mora:

زاراوەیەکە بەکاردێت لە لێکۆڵینەوە باوە پێوانەییەکان دا، بۆ ئاماژەکردن بە بچووکترین یەکەی کاتیی پێوانەیی/ مێتریکاڵیی یان بۆ کێش، لە ئێستادا لە هەندێک لە مۆدیلەکانی فۆنۆلۆجیی ناهێڵیی (فۆنۆلۆجی پێوانەیی/ پرۆسۆدیکیی)دا مۆڕا بەکاردێت وەک ئاستێکی جیاکراوەی نواندنە فۆنۆلۆجییەکان. ئاماژەکردن بە مۆرا زۆربەی کات تەنها بەشی (ڕیمrhyme)ی بڕگە ئەگرێتەوە کە (کرۆکnucleus و پاشکۆcoda)ی بڕگە لەلەخۆ ئەگرێت. لە هەرەمی پرۆسۆدیکیی دا مۆڕا بە هێمای μ یان بە ‹mu› هێماکراوە (CRISTAL, ٢٠٠٨:٣١٢). مۆڕا، مۆراس ‹moras › و ‹ morea› شی پێدەگوترێت، بە یەکەی قورسایی weight unitدائەنرێت، کە یەکەیەکی فۆنۆلۆجییە لە تاکە سەگمێنتێکی دەنگیی گەورەترە و لە بڕگە بچووکترە. بڕگەی سووک لە یەک تاکە مۆرا پێکدێت، بڕگەی قورس لە دوو مۆرا پێکدێت. مۆرا وەک دانەیەکی ریتمییانە دەردەکەوێت لە هەندێک زمان دا وەکو زمانی ژاپۆنیی و گریکیی کۆن، بەڵام لە هەندێک زمانی وەک لاتینیی دا دەرنەکەوتووە( TRASK, ١٩٩٦: ٢٢٦-٢٢٧).

برێت هاید(BRETT HYDE, ٢٠٠١:٥٠-٥٢) لە پەسنکردنی بیچمی باوی The traditional configuration کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکان دا، وای دەردەخات کە بڕگەیەک لە دوو مۆرا پێکدێت بەڵام لە کاتی بەیەکگەیشتنی بیچمەکاندا کە مەبەستی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی وەک بڕگە و (پێ) و وشەی پرۆسۆدیکییە، یەکێک لە دوو مۆراکەی دوو بڕگە بەیەکگەیشتووەکە، ون ئەبێت و یەک (پێ) پێکدەهێنن،

ستیڤیک( (Stevick, ١٩٦٥, ١٩٦٩) پێشنیاردەکات کە تاکە یەک دەنگی نەبزوێن=٠/سفر مۆرا، دوو دەنگی نەبزوێن یان یەک دەنگی بزوێن= ١ یەک مۆرا، جووتە دەنگی بزوێن= ٢ دوو مۆرا). مارتینێت(Martinet,١٩٤٩:١٦-١٨)) مۆرا وەک چەمکێکی پەیوەندییدار بە کردەیەکی کاراوەoperative concept دەبینێت و پێی وایە کە بەهاکەی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، لەم ڕووەوە سێ جۆر لە زمانەکان دیاری دەکات، کە بریتین لەو زمانانەی کە سوود لە مۆرا نابینن، ئەوانەی سوودی لێ دەبینن و ئەوانەش کە وێناکردنی زمانەکەیان ئاڵۆزدەکات(Anthony Fox, ٢٠٠٠: ٤٨,٥٠).

### ٢-٢/١ بڕگە syllable:

بڕگەکان دانەی پێکهێنەری (پێ)یەکانن، ئەوانیش وشەفۆنۆلۆجییەکان و کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی تر پێک دەهێنن. هێز لە وشەدا دەکەوێتە سەر بڕگەکان، وشوێنی هێزەکەش لە ئینگلیزیی دا بە پێی ڕیزبەندی ڕیزکردنی بڕگەکان دەگۆڕێت.

لەسەر چاوە فۆنۆلۆجییەکان دا و بەتایبەت لە فۆنۆلۆجیی پێوانەیی دا، ڕیزکردنی بڕگەکان و بەرودواهاتنی بڕگەکان لە زنجیرەکان دا، لە زۆربەی سەرچاوە فۆنۆلۆجییە پێوانەییەکان دا ئاماژەی پێدراوە، ناویان لێنراوە بە: (ئەنتی پەنەڵت untipenult /ئەنتی پەنەڵتیمەیت untipenultimate: بڕگەی سەرەتای زنجیرەکەیە، پەنەڵت penult/پەنەڵتیمەیتpenultimate بڕگەی دووەم تا بڕگەی کۆتایی، (( Hammond M,١٩٩٥: ٣١٨)، ( TRASK, ١٩٩٦:٢٦٠))، ئەڵتیما ultima/ئەڵتیمەیتultimate : بە دوایین بڕگە دەوترێت لە زنجیرەکەدا جا لە وشەی فۆنۆلۆجیی دا بێت یان لە (پێ)دا، یان لەکەتیگۆری گەورەتر دا بێت.( TRASK, ١٩٩٦:٣٦٥).)

لە زۆربەی لێکۆڵینەوە دەنگسازییەکانی کوردیی دا، گرنگی دراوە بە بڕگە، بە جۆرەکانی، بە پێکهێنەرە بنچینەییەکانی بڕگە، دەرخستنی چێوە بەندیی پێکهاتەکەی کە لە سەرەتا و ڕییم پێک دێت، ڕییم لە کرۆک و پاشکۆ/کۆدا پێک دێت، کرۆکیش لە دەنگێکی بزوێن یان دووان پێ کدێت،...

لە ئینگلیزیی دا هێز بۆ بڕگەکان دیاری دەکرێت، واتە بڕگە هەڵگری هێزە لە ئاستی فەرهەنگ دا بۆ دانە

فەرهەنگییەکان، بەڵام لە ئاستی دوافەرهەنگدا شوێنی هێز بە هۆی ریتمەوە دیاری دەکرێت، یەکەی ریتمیش (پێ)یە، واتە هێزدانانی ریتمی هەیە و هێز بۆ (پێ)یەکان دیاری دەکرێت، کە دەکەوێتە سەر یەکێک لە بڕگە پێکهێنەرەکانی (پێ)یەکە. لە زۆربەی زمانەکانی جیهان دا هێزدانانەکە بەندە بە جۆری بڕگەکەوە کە بڕگەیەکی قورسە یان سووک، بەجۆرێک کە هێزی ریتمیی دەکەوێتە سەر بڕگەی قورسی دوایین دانەی لای ڕاست/ ڕاسترینی لای ڕاست (دەکەوێتە سەر بڕگەی کۆتایی کە بڕگە ئەڵتیماکەیە)، بەڵام ئەگەر ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی قورس نەبوو، ئەوا هێزەکە بە پێی(سیستەمی یاسای هێزی بەند و ڕەها) دەکەوێتە سەر بڕگەی پەنەڵتیمەت/ بڕگەی کۆتایی(Hayes,١٩٩٥:٣٢). کەواتە جۆری بڕگەکە کاریگەریی هەیە لەسەر شوێنی هێزدانانەکە، وەک: (تایبەتمەندیی بڕگەی قورس وسووک لە هەندێک زمانی وەک زمانی ئەکلانAklan دا هێز دەچێتە سەر بزوێنی بڕگەی یەکەم، واتە (پێ)ی ترۆکێکیی هەیە، بەڵام هێز بە مەرجێک دەچێتە سەر بڕگەی سەرەتا (ڕۆخی لای ڕاستی وشەکە) کە بڕگەیەکی قورس بێت، واتە بڕگە هێزدارەکە بە دەنگێکی نەبزوێن کۆتایی هاتبێت، پێی دەوترێت زمانێکی ترۆکێکیی. هامۆند(Hammond M,١٩٩٥) دەڵێت:)هەرچەندە (Hayes) دەڵێت هێزدانان لەسیستەمی (پێ)ی ئایامبیکیی دا پشت دەبەستێت بە کێشی بڕگە(بڕگەی قورس، سووک) بەڵام لە زمانێکی وەک زمانی لێناکێڵ Lenakel بەهەمان شێوە سیستەمی ئایامبیکیی هەیە، بەڵام پشت نابەستێت بە کێشی بڕگە (Hammond M,١٩٩٥: ٣١٨) ). کەواتە ئاسایە زمانی کوردییش لەو زمانانە بێت کە کێشی بڕگە کار نەکاتە سەر بنەمای هێزدانان تیایدا، چونکە ریتمیی فەرهەنگیی لە کوردیی دا بەندە بە جۆری (پێ) نەک جۆری بڕگەکەوە. کەواتە جۆرەکانی کێشی بڕگە (سووک، قورس) گرنگییان نییە لە پرۆسەکانی هێزدانان و دیاریکردنی جۆری (پێ) و دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی و فرێزی فۆنۆلۆجیی،...دا.

تایبەتمەندیی بڕگە لە رووی درێژیی و کورتییەوە و لە رووی پێکهێنەرە بنچینەیەکانی( cv, cvc, cvcc, ccvc, ccvcc)یەوە بەهەمان شێوە کاریگەریی نییە لەسەر بنەماکانی هێزدانان وشوێنی هێز لە کوردیی دا، بەڵام هێز کاردەکاتە سەر جۆر و کوالیتیی دەنگە پێکهێنەرەکانی ئەو بڕگەیەی کە هێزی دەکەوێتە سەر، چونکە هێزدانان لە کوردیی دا مۆڕاییە، هێز کە دەکەوێتە سەر بڕگە، لە هەندێکیان دا بزوێنی بڕگە هێزدارەکە درێژدەکاتەوە وەک[و، ی]، لەئەوانەی تردا فیچەرە فۆنۆلۆجییە زاڵەکانی بزوێنی بڕگە هێزدارەکە زەقتر دەکاتەوە.

کەواتە جۆرەکانی بڕگەی وەک بڕگەی (درێژ، کورت ، قورس، سووک، کرژ، خاو)، کاریگەریی لە بنەمای هێزدانانی مۆرفۆلۆجییانەو ریتمییانە ناکات لە کوردیی دا، کە لەسەر بنەمای پۆلەکەتیگۆریی و مۆرفۆلۆجییانە دائەنرێت، تەنها بڕگەی (هێزدار، ناهێزدار/ بێهێز) گرنگە، چونکە دروستەی (پێ) دیاریدەکەن کە یەکەی هێزی ریتمی فەرهەنگییە لە کوردیی دا، چونکە هامۆند Hammond ١٩٩٥ دەڵێت(دیاریکردنی (پێ)یەکان لە وشە و فرێزە فۆنۆلۆجییەکان دا دووبارەکردنەوەی ئەو سیستەمەیەکە جیاکاریی دەکات لە نێوان بڕگەهێزدارو ناهێزدارەکان دا) لەو زمانانەدا کە پشت بە (پێ) دەبەستن لە دروستەی پێوانەییان داmetrical structure (Hammond M,١٩٩٥: ٣١٨-٣١٩).

٢/١ دروستەی (پێ) و جۆرەکانی، پەیوەست بە ریتمەوە، پەیوەندییان بە (هێز)ەوە لەگەڵ پەسنکردنی دروستەی پێوانەییی وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی:

### ١-٢/١ پێ foot :

(پێ) لە فۆنۆلۆجیی دا ئەو زاراوەیە کە دوو سەرچاوەی بنەڕەتیی هەیە، کە بریتین لە هۆنراوە poetry، فۆنەتیک phonetic (Giovanna Marota ,٢٠٠٣:٢ ) .

(پـێ) دانـەی بنچینەییـە لـە ریتمیـی هۆنـراوە دا، (پـێ) یەکـەی بنچینەیـی (ریتـم Rhythm)ە لـە فۆنۆلۆجیـی دا( TRASK, ١٩٩٦:١٤٧). بـەڵام بیرۆکـەی (پـێ) و جۆرەکانـی کـە دانـەی ریتمییـن، بـۆ هەمـوو دەربـڕاوەکان لـە زمانـە هێزییـە کاتڕێکخراوەکانـدا Stress-Timed Languages دەگونجێـت، نـەک تەنهـا بـۆ هۆنـراوە گونجاوبێـت. بـۆ نموونـە لـە دەربڕاوێکـی وەک( : -/the'man is'walking in the g̀arden./ )تاکـە یـەک یەکـەی تۆنیـیsingle tone unit تێدایـە کـە پێکهاتـووە لـە سـێ (پـێ).

بڕگـەکان دەتوانـن بـبن بـە (پـێ) گـەر بتوانرێـت دروسـتەیان بـۆ دیـاری بکرێـت (واتـە بـبن بـە بـە شـێک لـە وشـەی فۆنۆلۆجیـی و هێـزدار بکرێـن) (Crystal, ٢٠٠٨:١٩٣). هەرچەنـدە تراسـک دەڵێـت کـە تـا ئێسـتا ڕوون نییـە کـە دەتوانرێـت چەمکـی (پـێ) وەک یەکـەی ریتـم لـە زمانـە بڕگەییـە کاتڕێکخراوەکانـدا Syllabel-Timed Languages بەکاربهێنرێـت، چونکـە ئەوجـۆرە زمانانـە هێـزی ئەکسـێنتییان نییـە(TRASK, ١٩٩٦:١٤٧)(، بـەڵام مارۆتـا (Giovanna Marota,٢٠٠٣:٢) دەڵێـت بیرۆکـەی سەرسـەرەتا بـۆ (پـێ)Initial head، نـەک هـەر بۆ زمانـە هێزییـەکات ڕێکخراوەکان Stress Timed Languages گونجـاوە بەڵکـو بـۆ زمانـە بڕگەییەکاتڕێکخراوەکانـی Syllabel- Timed Languages وەک ئیسـپانیی و ئیتاڵییـش گونجـاوە.

(زاراوەی (پـێ) لـە هۆنـراوە دا گرنگـی دەدات بـە زاراوە بـاو و تەقلیدییەکـەی کـە دەگەڕێتـەوە بۆهۆنـراوەی گریکیـی و لاتینیـی کـۆن، کەتیایانـدا (بڕگـەی قـورس) و (بڕگـەی سـووک) ڕۆڵـی سـەرەکیی دەبینـن لـە (پێ)یەکـەدا. کـە تێبینـی گرنگتریـن گونجانـدن دەکرێـت لـە نێـوان ڕێکخسـتینی پێوانەیـی لەنێـوان دێـڕە هۆنـراوەکان و تـەرزی هێـزی وشـەکان دا. بـە پێچەوانـەی ئـەوەوە زاراوەکـە لـە لێکۆڵینـەوە نوێیـەکان دا گۆڕانـکاری بەسـەردا هاتـووە، وەک ئـەو زاراوەیـە نییـە کـە لـە هۆنـراوەی زمانـە کلاسـیکییەکان دا بەکارهاتـووە، بەڵکـو چەمکـی (پـێ) لـە لـە زمانـە مۆراییـە کاتڕێکخراوەکانـدا mora-timed languages (کـە جۆرێکـە لـە زمانـە هێزییـە کاتڕێکخـراوەکان) چوارچێـوەی (بڕگـە هێـزدار)و (بڕگـە ناهێزدار)ەکاندایـە، لـە هـەردوو بـواری هۆنـراوە و بـواری بەهەنـد وەرگرتنـی هێـزی پێوانەیـی/ مێتریکاڵیـی دا(Giovanna Marota,٢٠٠٣: ٢)).

دروسـتەی (پـێ)و شـوێنی بەکارهێنانەکـەی لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر جیاوازیـی هەیـە، وەک ئـەوەی لـە زۆربـەی زمانـە بڕگەییـە کاتڕێکخراوەکانـدا (پـێ)ی پێوانەیی/مێتریکاڵیـی هەیـەو لـە دوو بڕگـە پێکدێـت، تۆنی/ئـاوازەی دەربـڕاوەکان دیاریـدەکات، بـەڵام لـە کوردیـی دا کـە واگریمانـە دەکرێـت لـە زمانـە هێزییـە کاتڕێکخـراوەکان بێـت، (پـێ)ی ریتمیـی هەیـە و پەیوەسـتە بـە بڕگـە هێزدارەکانیـەوە، چونکـە (لـە ڤێرژنـی فۆنۆلۆجیـی پێوانەیـی دا کـە لـە لایـەن (Hayes,١٩٩٥)پـەرەی پێـدراوە، ئـەوە دەردەخـات کـە پێویسـتە هـەر وشـەیەک لانـی کـەم لـە یـەک (پـێ) پێکهاتبێـت، پەیوەندیـی نێـوان بڕگـە و (پـێ)ش پەیوەندییەکـی ڕاسـتەوخۆ ئەبێـت، ئەگـەر یاسـاکانی دانانـی هێـز بـە هـۆی شرۆڤەکردنـی بڕگـەوە بێـت بـۆ (پـێ)( Hayes,١٩٩٥: ٤٧).)، لـەم ڕووەوە وشـەکانی زمانـی کوردیـی لـە فەرهەنـگ دا، کـە لـە (دوو تـا سـێ) بڕگـە پێـک دێـن (وشـە (٢،٣) بڕگەییـەکان) ،(پـێ)ی پێکەوبەسـتراو بەرهـەم دێنـن. لـە ئینگلیزیـی دا (پـێ) دەکەوێتـە ئاسـتی دوافەرهەنگ/ئاسـتی دەربـڕاوە ڕسـتەییەکان و (ریتم)ێـک دەبەخشـێت بـە دەربڕاوەکـە و لەگـەڵ ئاسـتی تەوژم/پیـچ دا کـە (بـەرزraise- کەوتـووfall)ە، ئـاوازەی دەربـڕاوەکان بەرهـەم دێنـن. بەڵام لـە کوردیـی دا، (پـێ) بنەمـای هێزدانانـی ئەکسـێنتییە، یەکـەی ریتمیـی فەرهەنگییـە، لـە ئاسـتی فەرهەنگـەوە دەسـت پێـدەکات و وشـەی فۆنۆلۆجیـی و فرێـزی فۆنۆلۆجیـی فەرهەنگیـی بەرهـەم دەهێنێـت، لـە ئاسـتی دوافەرهەنگیـش دا لەگـەڵ تەوژم/پیـچ دا ئـاوازەی دەربـڕاوە ڕسـتەییەکان بەرهـەم دێنـن، واتـە (پـێ) و ریتـم لـە زمانـی کوردیـی دا کـە بـە زمانێکـی ئاوازەیـی دائەنرێـت هەمـان ڕۆڵـی تـۆن دەبینـن لـە زمانـە تۆنییـەکان دا کـە لـە ئاسـتی فەرهەنـگ و دوافەرهەنـگ دان.

## ٢-٢/١جۆرەکانی (پێ) :

١-(پێ) لە ڕووی چەمکی پێوانەیی metrical foot و ریتمییانەوە rhthamical footدووجۆرە:

ا. (پێ)ی پێوانەیی metrical foot : توخمێکە لە ڕێزمانی گشتیی دا، بەو واتایەی کە بچووکترین دانەی ڕێگە پێدراوی (فۆنەتیکییە)، لەهەمان کاتدا هەبوونی پرەنسیپی گشتی دووپەلکیی/دوانەیی تیایدا سەلمێنراو و بەڵگە نەویستە. [لە دوانەییەکانی(سووک-قورس، درێژکورت، گرژ-خاو) پێکدێن].

ب. (پێ)ی ریتمیی rhythmical foot: ئەم جۆرە (پێ)یە بە یەکەی کرۆکیی core unit دائەنرێت لەو زمانانەدا کە بە زمانە هێزییەکاترێکخراوەکانstress-timed languages ناودەبرێن، ئاماژە دەکات بۆ دروستەی ریتمیی کە پێکدێت لە برگەیەکی هێزدارو برگە ناهێزدارەکان بەدوایدا دێت تا دەگات بە برگەیەکی هێزداری تر(Giovanna Marota,٢٠٠٣:٢)).

ئەو چەمکە ئەو واتایە دەگەیەنێت کە لە بواری پرۆسۆدیی و هۆنراوەدا لە زمانە جێرمینییەکان Germanicدا (کە لقێکی زمانە ئەوروپییەکانە) پەرەی پێدراوە ، وەک لە ئینگلیزیی دا، تیایاندا (پێ) پشت دەبەستێت بە کاتی ڕێکخراوو خایەنراوی هێزstress timing. (Giovanna Marota,٢٠٠٣:٣)). لە ڕاڤەکردنەکانی دروستەی )پێ( لە کوردیی دا پەیرەوی چەمکی (پێ)ی ریتمییانە rhythmical foot. کراوە.

٢- پێ لە ڕووی دروستەی برگە پێکهێنەرەکانییەوە، شەش جۆرە:

١. (پێ)ی بەدیهێنراو/نەبەستراوە degenerate foot:ئەو (پێ)یەیە کە ڕاستەوخۆ لەیەک برگە پێکهاتووە هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی برگەکە و ئەبێتە برگەیەکی (پێ پێ کراو)footed syllable و یەک (پێ)ی بەهێز پێکدەهێنن، کە بە (پێ)ی بەدیهێنراو یان (پێ)ی گرێ نەدراو ناسراوە degenerate foot، (CRYSTAL ,٢٠٠٨:١٩٣). پاشان وشەیەکی فۆنۆلۆجیی لێ بەرهەمدێت. $[\sigma] \rightarrow [\Sigma] \rightarrow [pω\acute{}]$ وەک لە وشەکانی[گوڵ، دڵ، ژن، خۆر،مانگ،...] $\leftarrow [pω.] \leftarrow [\Sigma] \leftarrow [\acute{\sigma}]$بڕوانە (١-٤/١ ئاستی ڕیتمیی چەسپاو:).

٢. (پێ)ی ترۆکێکیی trochaic foot: پێکهاتووە لە برگەیەکی هێزدار کە برگەیەکی ناهێزدار بە دوایدا دێت(TRASK, ١٩٩٦:٣٦٣). $[\acute{\sigma}\ \sigma] \rightarrow [\Sigma]$.

لە فۆنۆلۆجیی پێوانەیی دا، بۆ زمانی ئینگلیزیی وەک ناوێکی ناڕاستەوخۆ بەکاردێت بۆ(پێ)ی چەپ-باڵادەستی ئاوێتە bounded left-dominant feet کە دروستەی ریتمیی نیشاندەدات. (CRISTAL, ٢٠٠٨:٤٩٧).

٣. (پێ)ی داکتڵ dactyl foot : (پێ)ی (داکتڵ)یان (پێ)ی کێشی پەنجەیی(لە ئینگلیزیدا) ,ئەو (پێ)یەیە کە لە سێ برگە پێکدێت و برگەی یەکەمیان هێزدارە و دوو برگەی لاواز بە دوایدا دێت(TRASK, ١٩٩٦:١٠١)) . $[\sigma\sigma\acute{}.\sigma] \rightarrow [\Sigma]$ . فوربیی(Furby ١٩٧٤) لە زمانی (گاراواGarawal ) و (Cohn(١٩٨٩, ١٩٩٣), Cohn and McCarthy ١٩٩٤, Kenstowicz١٩٩٥) لە زمانی (ئیندۆنیزی Indonesian)دا ئاماژەیان داوە بەوەی کە هێزدانان لە برگەکانی ئەو زمانانەدا و بەتایبەت زمانی گاراوادا سەرەتاگرییە و لە وشە دوو برگەییەکان دا (پێ)ی ترۆکێکیی و لە سێ برگەییەکانیش دا (پێ)ی داکڵ بەرهەم هاتووە: ( ).( púnjala(white) $\acute{\sigma}\sigma\sigma \rightarrow \Sigma$)، $\sigma\acute{\sigma} \rightarrow$ yámi (eye), Σ BRETT Hyde, ٢٠٠١:٢٦١-٢٦٢). بۆ شیکاری نموونەکان لە کوردییدا بۆ (پێ)ی ترۆکێکی و داکتڵ بڕوانە (٢-٤/١ ئاستی یەک: )

٤. (پێ)ی ئایامبیکیی iambic foot : پێکهاتووە لەبرگەیەکی ناهێزدار/لاواز کە برگەیەکی هێزدار بەدوایدا دێت (TRASK, ١٩٩٦:١٧٥) $[\sigma.\sigma\acute{}] \rightarrow [\Sigma]$ ، (پێ)ی ئایامبیکیی لە فۆنۆلۆجیی پێوانەیی دا، بۆ زمانی ئینگلیزیی وەک ناوێکی ناڕاستەوخۆ بەکاردێت بۆ(پێ)ی ڕاست-باڵادەستی ئاوێتە bounded right-dominant feet کە دروستەی ریتمیی نیشاندەدات. (CRISTAL, ٢٠٠٨:٢٣٤). نیکڵاس(Nicklas ١٩٧٥)لەزمانی (چۆکتاوChoctaw)دا ئاماژەی

داوە بەوەی کە کە هێزدانان لە برگەکانی ئەو زمانەدا کۆتاگرییە و لە وشە دووبرگەییەکان دا (پێ)ی ئایامبیکیی بەهەم هاتووە، وەک: (( BRETT Hyde )( σσ→ ,pisá (to see), Σ ,٢٠٠١: ٢١٥). هەروەها لە Hammond) ١٩٩٥,M: ٣١٨) هەریەکە لە (پێ)یەکانی (ترۆکێکیی و ئایامبیکیی بۆ زمانەکانی لێناکێلLenakel وئەکڵانAklan پەسنکراوە، بە پێی تایبەتمەندێتیی هەردوو زمانەکە).

٥. (پێ)ی ئەناپستanapaest foot: پێکدێت لە دوو برگەی لاواز، کە برگەیەکی هێزدار بە دوایاندا دێت.( TRASK, ١٩٩٦:٢٤) [σσ. σ´] →[Σ] . بۆ شیکاری نموونەکان لە کوردییدا بۆ (پێ)ی ترۆکێکیی و داکتل بڕوانە(١/٤-٣ ئاستی دوو:)

٦. (پێ)ی سپۆندیی spondee foot : ئەو جۆرە (پێ)یەیە کە لە دوو (پێ)ی هێزدار پێکدێت، دەشێت ئەو دوو (پێ)یە لە هەرکام لە پێنج جۆرەکەی تری (پێ)بن. (TRASK, ١٩٩٦:٣٣٢). σ..] [σ...] →[ Σ´ Σ ´] →ω] ، ئەم جۆرە (پێ)یە ڕاستەوخۆ فرێزی فۆنۆلۆجیی فەرهەنگیی پێکدەهێنێت، (پێ)ی سپۆندیی پارادایمە (ناویی، هاوەڵناویی، کردارییەکان) پێکدەهێنێت لەئاستی ‹دوافەرهەنگ›ی کوردیی دا. بۆ شیکاری نموونەکان لە کوردییدا بڕوانە (١/٤-٥ ئاستی چوار:)

## ٢/١-٣ دروستەی (پێ):

هایس(Hayes, ١٩٩٠: ١٥) ئاماژە بە دروستەی (پێ) دەدات لە زمانی ئینگلیزیی دا، دەڵێت لە لای ڕاستی وشەدا، بنیادنانی گەورەترین دروستەی (پێ) ملکەچی ئەم مەرجانە ئەبێت:

١- (پێ) لقدارە، واتە لە دوو لق پێکدێت، گرێیەکی دوانەیی (S W)پێکدەهێنێت (گرێکە دووبارە ئەبێتەوە لە (پێ)یە سێ برگەییەکاندا). ئەبێتە (پێ)ی ئاوێتە

٢- نابێت (پێ)لە سێ برگە زیاتر پێکبێت.


٣- لە زمانی ئینگلیزیی دا دوایین برگەی لاوازی لای ڕاست لە (پێ)یەکەدا نابێت بزوێنی گرژیtense vowel تێدا بێت. بە واتایەکی تر(پێ)ی چەپ باڵادەست کە (پێ)ی ‹ترۆکێکیی›یشی پێدەگوترێت، نابێت بزوێنی برگەی کۆتایی گرژ بێت.

٤- ئەگەر لە (پێ)یەکەدا سێ برگە هەبوو بەڵام( دوانیان کە برگەی هێزدار و لاواز بوون S ,W) پێکەوە بەسترانەوە و یەک برگەی لاواز مایەوە، ئەبێت ئەو برگەیە ببێت بە برگەیەکی سووک light syllable ئینجا (پێ) یە ئاوێتەکە بەرهەم دێنن وەک لە (b.). یان ئەم برگە لاوازە(پاش گۆڕینی ئاستەکەی بۆ بەهێزs~w) بەتەنها (پێ)یەک پێکدەهێنێت و لەگەڵ (پێ)یەکەی تردا وشە فۆنۆلۆجییەکە پێکدەهێنن وەک لە (a.) ، بڕوانە هێڵکاری (١) بۆ ڕاڤەکردنەکەی. بەڵام دروستەی (پێ) لە کوردیی دا تەواو جیاوازە لەو قاڵبەی کە بۆ زمانی ئینگلیزیی دیاریکراوە.

لە فۆنۆلۆجیی پێوانەیی دا لە زمانە هێزییە کاترێکخراوەکاندا، (پێ)یە هێزدارەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە لە هەر بوارێکدا بن (واتە لە وشەی فۆنۆلۆجیی دا بن یا لە فرێزی فۆنۆلۆجیی دا،....) ئەوا هارمۆنیی دەنگی بزوێنیان تیادا هەیە (Van der Hulst & Norval Simth,١٩٨٢:٤٤)، ئەمە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی بگوترێت کە هێز لە کوردیی دا مۆرایی بێت و ڕەنگە تەنها هارمۆنییەک ببەخشێت بە بزوێنی ئەو برگە هێزدارەی کە (پێ) یە هێزدارەکە پێکدەهێنێت.

-لەرووی هێزداری و لاوازییەوە :لە هەر (پێ)یەک دا تەنها یەک برگەی هێزداربوونی ئەبێت، لە کاتێکدا

برگـەی سـەرەکی کـە  هێـزدارە لـە وشـەیەک دا بەهێزتریـن برگەیـە لـە بەهێزتریـن (پـێ)دا لـە وشـەکەدا. (Hayes, ١٩٩٠:١٤ -١٥)، وەک لـە :




هێڵکاری (١) نواندنی دروستەی برگەو پێ و وشەی فۆنۆلۆجی/پرۆسۆدیکی لە ئینگلیزیدا

## ٢/١-٤ (پێ)ی بەهێز و (پێ)ی لاواز  و هێزی سەرەکی و هێزی ناوەندی/دووەم:

لـە ڕاسـتیدا هەر(پێ)یـەک بـە هـۆی هەبوونـی هێزێـک لەسـەر یەکێـک لـە برگـە پێکهێنەرەکانییـەوە دروسـت ئەبێـت. گـەر وشـە فۆنۆلۆجییەکـە لـە یـەک (پـێ) زیاتـر پێکهاتبـوو، ئـەوا یەکێـک لـە (پێ)یـەکان هێزەکـەی ئەبێـت بـە هێـزی سـەرەکی و ئەبێـت بـە (پـێ)ی بەهێـز، (پێ)یەکـەی تریـان ئاسـتی هێزەکـەی دادەبەزێـت بـۆ ئاسـتی دووەم و ئەبێـت بـە (پـێ)ی لاواز و هێزەکـەی ئەبێـت بـە هێـزی ناوەندیـی/دووەم، لـە ‹ئاسـتی ناوەنـد›ی بەسـتنەوەی (پـێ)دا (وەک لـە پێکهێنانـی وشـەی ئاڵـۆزی فۆنۆلۆجیـدا) پێکـەوە دەبەسـترێنەوە بـە شـێوەی[Σw Σs] یـان بـە شـێوەی[Σs Σw] دەبـن. گـەر وشـەکە لـە سـێ (پـێ)ش پێکهاتبێـت، هێـزی (پـێ)ی سـێیەمیان ئەبێتـە هێـزی لاوەکیی/سـێیەم (بڕوانـە نموونەکانـی ٤/١).

## ٢/١- ٥ وشەی فۆنۆلۆجیی/وشەی پرۆسۆدیکیی:

وشـەی فۆنۆلۆجیـی ئـەو پێکهێنـەرە پرۆسـۆدیکییەیە کـە لـە (پـێ) و برگـە گەورەتـرە و لـە فرێـزی فۆنۆلۆجیـی بچووکترە لەئاسـتی فەرهەنـگ دایـە، کـە ‹وشـەی فۆنۆلۆجیـی› و ‹وشـەی پرۆسـۆدیکیی›یشـی پێدەگوترێـت، زاراوە و هێماکانـی (pword ، pw)ی بـۆ بەکاردێـت، بـەڵام مـەرج نییـە وشـەی فۆنۆلۆجیـی یـان وشـەی پرۆسـۆدیکی هاوتـای وشـەی گراماتیکیـی بێـت(Hall,١٩٩٩ In: Hall,  Kleinhenz , ١٩٩٩:١-٢). لـە هەندێـک لـە سـەرچاوەکانی تـردا بـە تەنهـا بـە (ω) ئاماژەی بـۆ کـراوە. لـەم بەشـەی ئـەم توێژینەوەیـەدا هەوڵـدراوە هـەردوو زاراوەی (فۆنۆلۆجیـی/ وپرۆسـۆدیکیی) بەکاربهێنرێـت، لەبەرئـەوەی لـە هەندێـک لـە لێکۆڵینـەوەکان دا (وشـەی فۆنۆلۆجیـی) و لـە هەندێکـی تریانـدا (وشـەی پرۆسـۆدیکیی) بـەکار هاتـووە.

دروسـتەی پرۆسـۆدیکیی لـە فۆڕمـی فۆنۆلۆجییـەوە دەردەهێنرێـت، لـەم ڕووەوە بوییـج (In: Hall, Booij١٩٩٩ , Kleinhenz ١٩٩٩:٤٨) یاسـا بنچینەییەکانـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی /پرۆسـۆدیکیی بـەم شـێوەیە دیاریـدەکات:

١-وشەی پرۆسۆدیکیی بواری گشتاندنی یاسا فۆنەتاکتیکییەکانە  Phonotactic generalisations

٢- بواری یاساکانی هێزدانانە  domain of stress assignment rules

٣- بواری یاسافۆنۆلۆجییەکانە domain of phonological rules

٤- پێکهێنەرێکـی سـەرەکییە و پەیوەسـتە بـە خسـتنەکاری ئەگەرەکانـی سـێ بوارەکـەی پێشـوو تـرەوە (وەک ئـەو ئەگەرانـەی کـە بـۆ وشـە ئاڵۆز و لێکدراوەکان دێتە ئـاراوە لـە بوارەکانـی (١،٢،٣)دا، بڕوانـە (Booij١٩٨٥, Wiese١٩٩٦).

ئـەم یاسابنچینەییانەی وشـەی پرۆسـۆدیکیی لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر دەگۆڕێـت و  پەیوەسـتن بـە تایبەتمەندیـی خـودی زمانەکـەوە.

### ٢/١-٥-١ دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی:

دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی بەگشگیری بەم شێوەیە دیاری دەکرێت:

١.هەروشەیەکی فۆنۆلۆجیی/ پرۆسۆدیکیی لە یەک(پێ)foot یان زیاتر پێکدێت.

٢.یەکێک لە (پێ)یەکانی ڕاستترینی لای ڕاست/دوایین (پێ)ی لای ڕاست rihgt-most یان چەپترینی لای چەپ left-most هێزدارە S strong واتە هێزی سەرەکی لەسەرەhas primary stress.

٣. (پێ) لە یەک یان دوو (یان سێ )بڕگە ((Hayes, ١٩٩٠: ١٥)) پێکدێت. (لە زۆربەی زمانەکاندا لە دوو بڕگەیە).

٤.یەکێک لە بڕگەکانی دواینی لای ڕاست یان دواینی لای چەپ هێزدارە، واتە (بڕگەی بەهێز و بڕگەی لاوازی هەیە strong syllable و weak syllabel .کە بە ( S ,W ) هێما دەکرێن.

٤.هەر بڕگەیەک پێکدێت لە (سەر)ێکی سەرپشکانە و (ڕیم )ێک. (لە کوردیی دا، دەکرێت لە هەندێک لە وشەئەرکییەکان دا (مۆرفیمە بەندە داڕێژەر و ڕێزمانییەکان تەنها لە ‹ڕیم›ی بڕگەکە پێکبێن)).

٥. (ڕیم) ی بڕگەکەی پێکدێت لە (ناوک) و (پاشکۆ/ کۆدا).

هەریەکە لەو یاسانەی کە باسکران لە ڕاستیدا بەستنەوەیەکە/پابەندکردنێکە constraintکە مۆڵەت دەدات بە پارچە بچووکەکان لە دروستەیەکی پرۆسۆدیکیی تەواو دا کە ‹وشەی فۆنۆلۆجییە› ( Coleman S J,٢٠٠٦: ٣٧٦). بەڵام بە پێی تایبەتمەندیی زمانی کوردیی دروستەی ‹وشەی فۆنۆلۆجیی› یش گۆڕانی بەسەردا دێت، وەک لە وشەی فۆنۆلۆجیی ئاڵۆز دا .

دروستەی پێوانەیی وشەی فۆنۆلۆجیی جیاوازە لە دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەکەی، دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکیەکەی کاردەکاتە سەر شوێنی هێزدانان لەوشە فۆنۆلۆجییەکەدا، ئەوەش کاریگەریی ئەبێت لەسەر دروستە ریتمییەکەی، چونکە ئەوەی گرنگە ئەو کەرتە فەرهەنگییە هێزدار و ناهێزدارانەیە کە وشە فۆنۆلۆجییەکە پێکدەهێنن، دواتر لە دروستەی پێوانەیی وشە فۆنۆلۆجییە بەرهەمهاتووەکەدا ژمارەی بڕگە پێکهێنەرکانی وشە فۆنۆلۆجییەکە و شوێنی هێزەکە گرنگە کە بە هۆی بنەمای هێزدانانەوە دیاری دەکرێت لەو زمانە دا، کە شوێنی هێزەکە لەسەریەکێک لە بڕگەکان جۆری (پێ)یەکە دەست نیشان دەکەن، ئەوەش ئەبێتە هۆی بەخشینی ریتمێکی تایبەتی فەرهەنگی بە وشە فۆنۆلۆجییەکە. هەروەها دەستنیشانکردنی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکیی لە دەستنیشانکردنی ئاستە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکان دا گرنگە بۆ دیاریکردنی ئاستە مۆرفۆلۆجییەکانی وشەڕۆنان کە هاوتای ئاستە فۆنۆلۆجییە فەرهەنگییەکەیە. هەروەها بڕوانە (٣/١ هێزی ئەکسێنتیی accent stress:)

### ٢/١-٥-٢ دروستەی وشەی پرۆسۆدیکیی لە ڕووی دروستەی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەوە:

لە زۆربەی دەرکردەکانی/ڤێرژنەکانی کەتیگۆرەییە پرۆسۆدیکییەکان دا تەنها یەک پێکهێنەری سەرەکی مۆرفۆ-پرۆسۆدیکی morfo-prosodicهەیە کە ئەویش وشەی پرۆسۆدیکییە PWord وەک لە (selkirk, ١٩٨٦ Nespor & Vogel, ١٩٨٦)دا ئاماژەی پێدراوە، کە لە بڕگە و (پێ) پێکدێت. بەڵام لە (Inkelas,١٩٨٩)وا گریمانە دەکات کە وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی زاڵ ئەبێت بەسەر وەچە کەتیگۆرییە مۆرفۆ-پرۆسۆدیکییەکانی وەک قەدی پرۆسۆدیکیی Pstemو ڕەگی پرۆسۆدیکیی دا PRoot ( Laura.J. DOWNING ١٩٩٩, In Hall, Kleinhenz ,١٩٩٩:٧٣).

لە (Hall, Kleinhenz,١٩٩٩)دا لە لایەن لێکۆڵەرانی ئەم سەرچاوەیەوە، ئاماژە بە چەند جۆرێک لە دروستەی وشەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسۆدیکیی دراوە، ئەوە دەخرێتەڕوو کە دروستەکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە ولە زۆربەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان دا توێژەران ئەوەیان سەلماندووە کە وشەی پرۆسۆدیکیی ئایزۆمۆرفیمی/

هاوتاوچوونیەکـی وشـەی گراماتیکـی نییـە(In: Hall, Kleinhenz ١٩٩٩,Hall, ١٩٩٩:١-٢).

وشـە ئەرکییـە ڕێزمانییـە ناهێزدارەکانـی وەک کلیتیکـەکان: لـەو زمانانـەدا کـە کلیتیکـەکان ناهێـزدارن، کاتێـک دەچنـە سـەر وشـە خانەخوێیەکـە ڕاسـتەوخۆ یـەک وشـەی فۆنۆلۆجیـی بەرهـەم دێنـن، وەک لـە: زمانـی ناوچـەی شرێـم، ماچڤا Šrem, Mačva دا کـە بەشـێکە لـە زمانـە صربییـەکان، کاتێـک یەکێـک لـە کلیتیکـە لکاوەکانـی (ú) ی دەچێتـە سـەر لەگـەڵ وشـە فەرهەنگییـە خانەخوێیەکـەی دا یـەک وشـەی پرۆسـۆدیکیی بەرهـەم دێنـن، لـە کاتێکـدا کلیتیکەکـە لـە زمانەکانـی تـری وەک ناوچـەی هەرزۆگۆڤینیـی ڕۆژهەڵاتیـی Eastern Herzegovinaو زمانـی ناوچـەی بەلگـراد Belgradeدا هێـزدارن و خۆیـان وشـەیەکی پرۆسـۆدیکیین لەبەرئـەوە فرێزێکـی فۆنۆلۆجـی بەرهـەم دێنێـت((Gorka Elordieta, ٢٠١٤:٢٧)، لـەم بـارەدا کلیتیکەکـە لـەو دوو زمانـە دا وەک وشـەیەکی پرۆسـۆدیکیی دائەنرێـت و لەگـەڵ وشـە خانەخوێکەیانـدا کـە وشـەیەکی پرۆسـۆدیکیی تـرن، فرێـزی فۆنۆلۆجیـی بەرهـەم دێنـن، کـە بـەم شـێوەیە دەنوێنرێـت:

-Eastern Herzegovina: ((ú grad)ω)φ/pph

-Šrem, Mačva: ( (ú fnc. )graavu)ω.)ω

- Belgrade: (u(grad) ω)φ/PPh

لـە هەنـدێ لـە زمانەکانـی وەک زمانـی ئینگلیزیـی دا، هەندێـک لـە وشـە ئەرکییـە داڕێژەرەکان/مۆرفیمـە بەنـدە وشـە داڕێژەرەکانـی وەک (un-, -ness) هێـزدارن، هەندێکـی وەک (in-, ..) ناهێـزدارن، لـەم بـارەدا وشـە ئەرکییـە ناهێـزدارەکان لەگـەڵ وشـە فەرهەنگییـەکان دا یـەک وشـەی پرۆسـۆدیکیی بەرهـەم دێنـن، بـەڵام وشـە ئەرکییـە هێـزدارەکان لەگـەڵ وشـە فەرهەنگییەکانـدا فرێـزی فۆنۆلۆجیـی بەرهـەم دێنـن، وەک لـە شـیکردنەوە خوارەزمییەکانـی سـزپایرا(Szpyra١٩٨٩)دا بـۆ نەخشەسـازی دروسـتە مۆرفۆلۆجییـەکان لەسـەر دروسـتە پرۆسـۆدیکییەکان دا ڕوونـی کرووەتـەوە (R.Raffelsiefen ١٩٩٩ In: Hall, Kleinhenz , ١٣٣:١٩٩٩-١٣٤ ):

-[in+[moral]A]A → ( [in+[moral]A]A)ω

-[[un+] [ripe]A]A → ( [[un+] ω ) ([ripe]A]A)ω → φ

-[[in+[polite]A]A [ness]]N → ( [[in+[polite]A]A ) ω ( [ness]]N) ω → φ

-[[un+] [grammatical]A]A ity] N → ( [[un+]ω [grammatical]A]A ity] N ) ω → φ

A: Ajectiv. N: Noun

لـە سـێلکیرک (Selkirk,١٩٩٦: ١٨٧-١٨٨))یشـدا بـەوردی دروسـتەی پرۆسـۆدیکیی وشـە ئەرکییەکانـی ئینگلیـزی ڕاڤەکـراوە.

هەروەهـا بوویـج(Booij١٩٩٩) هەمـان بۆچوونـی هـاڵ(Hall,١٩٩٩) دووبـارە دەکاتـەوە و دەڵێـت دەکرێـت وشـەی پرۆسـۆدیکیی بچووکـتر بێـت لـە وشـەی گراماتیکـی.

لەو لێکدانەوەیـە و لـە سـەرجەمی ئـەو (نـۆ) لێکۆڵینـەوەی کە لە سـەرچاوەی پێشـوودا خراوەتـەڕوو، ئـەو دەرئەنجامە بەدەسـت دێـت کـە دروسـتەی وشـەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسـۆدیکیی لـە ڕووی دروسـتەی مۆرفۆ-پرۆسـۆدیکییەوە بـۆ هەندێـک لـە زمانـە جیاوازەکانـی جیهـان، دەکرێـت (نەخشەسـازی خوارەزمـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی) بـەم شـێوەیە بنوێنرێـت:

| دانه فەرهەنگییەکانی ئاستی فەرهەنگ | وشەی پرۆسۆدیکیی ئاستی فەرهەنگ |
|---|---|
| ١-((وشەی فەرهەنگیی $_{LW}$) | ((وشەی فەرهەنگیی $_{LW}$) $^{PW1}$) $^{PW1}$ |
| ٢-(وشەی ئەرکیی هێزدار$_{fnc}$) | -(وشەی ئەرکیی هێزدار$_{fnc}$) $^{PW}$ ← PW=.fnc. وەک: (بەڵێ، نەخێر، نا، نەء،...ئاخر، $^{وشەی ئەرکی هێزدار}$$_{fnc}$) $^{PW}$ |
| ٣-((وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$) $^{PW1}$وشەی ئەرکیی ناهێزدار$_{fnc}$) | -((وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$) $^{PW1}$ وشەی ئەرکیی ناهێزدار$_{fnc}$) $^{PW2}$ |
| ٤-((وشەی فەرهەنگیی $_{LW}$) $^{PW1}$ (وشەی فەرهەنگیی) $^{PW2}$) | -((وشەی فەرهەنگیی $_{LW}$) $^{PW1}$ (وشەی فەرهەنگیی) $^{PW2}$) $^{PW3}$. |
| ٥-((وشەی فەرهەنگیی $_{LW}$) $^{PW1}$(وشەی ئەرکیی $_{fnc}$ ) (وشەی فەرهەنگیی) $^{PW2}$)<br>-((گوڵ $_{LW}$) $^{PW1}$(بە $_{fnc}$ ) (دەم) $^{PW2}$) | ((وشـەی فەرهەنگیـی $_{LW}$) $^{PW1}$(وشـەی ئەرکیـی$_{fnc}$ ) (وشـەی فەرهەنگیـی) $^{PW2}$) $^{PW3}$<br>-((گوڵ $_{LW}$) $^{PW1}$(بە $_{fnc}$ ) (دەم) $^{PW2}$) $^{PW3}$. ← (گوڵبەدەم) |

بـەڵام ئەگـەر وشـە ئەرکییەکان/مۆرفیمـە بەنـدە ڕێزمانییـەکان هێزداربـوون لەگـەڵ وشـە فەرهەنگییەکـەدا فرێـزی فۆنۆلۆجیـی بەرهـەم دێنـن. دەبنـە فرێـزی فۆنۆلۆجـی فەرهەنگـی :

| | |
|---|---|
| -(وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$) $^{PW1}$+ (وشەی ئەرکیی هێزدار$_{fnc}$) $^{PW2}$ | -((وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$) $^{PW1}$+ (وشەی ئەرکیی هێزدار$_{fnc}$) $^{PW2}$ ) $^{PPh}$ |
| -((وشەی ئەرکیی هێزدار .$_{fnc}$) $^{PW2}$+(وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$) $^{PW1}$ | -((وشەی ئەرکیی هێزدار .$_{fnc}$) $^{PW2}$+(وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$) $^{PW1}$) $^{PPh}$/ |

٦-٢/١ فرێزی فۆنۆلۆجیی Phonological Phrase:

فرێـزی فۆنۆلۆجیـی زاراوەی (فرێـزی پرۆسـۆدیکیی)شـی بـۆ بـەکار دێـت، لـە هەندێـک لـە سـەرچاوەکاندا وەک دانانـی ئاسـتێکە لـە دروسـتەی پرۆسـۆدیکییدا، کـە لـە وشـەی فۆنۆلۆجیـی گەورەتـرەو لـە فرێـزی ئاوازەیـی بچووکـترە، لـە مۆدێلـی هەرەمـی پرۆسـۆدیکیی دا(١٩٩٦:٢٧٣,TRASK). فرێـزی فۆنۆلۆجیـی کـە بـە(PhP, PPh, pph, φ ) هێـما دەکرێـت.

ئاشـکرایە کـە دروسـتە مۆرفۆ-سینتاکسـییەکانیش هاوتـای دروسـتە پرۆسـۆدیکییەکان نیـن، کەواتـە لـەم ڕوانگانـەوە دەکرێـت ئـەو دەرئەنجامـە بەدەسـتبێت کـە هـەر کاتێـک وشـە فۆنۆلۆجییەکان/پرۆسـۆدیکییەکان لـە ئاسـتی فەرهەنگـەوە گوازرانـەوە بـۆ ئاسـتی دوافەرهەنـگ، ڕاسـتەوخۆ دوو گۆڕانـکاری سـەرەکیی تیایانـدا ڕوودەدات، یەکـەم: گۆڕانـی هێزەکەیانـە لـە هێـزی فەرهەنگییـەوە بـۆ هێـزی فرێزی(گـەر یـەک هێـزی سـەرەکی لەسـەر بـوو، بـەڵام گـەر دوو هێـز یـان زیاتـری لەسـەر بـوو وەک لـە فرێـزە فۆنۆلۆجییـە فەرهەنگییەکانـدا، ئـەوا یەکێـک لـە هێـزەکان زەقدەکرێتـەوە و ئەبێتـە هێـزە فرێزییەکـە، واتـە هێـزی جەختـی دەکەوێتەسـەر. دووەم: گۆڕانـی ئاسـتە پرۆسـۆدیکییەکەیان لـە ئاسـتی وشـەی فۆنۆلۆجییەوە/پرۆسـۆدیکییەوە بـۆ فرێـزی فۆنۆلۆجـی، واتـە جووڵاندنـی لەئاستی فەرهەنگـەوە بـۆ ئاسـتی دوافەرهەنـگ کـە کەتیگۆرییـە پێوانەیی/مێتریکاڵییەکـەی دەگۆڕێـت، لـە کاتێکـدا لـە رووی دروسـتەی مۆرفۆپرۆسـۆدیکییەوە (فرێـزی فۆنۆلۆجیـی لـە پێکەوەهاتنـی دوو وشـەی فۆنۆلۆجیـی یـان زیاتـر پێکدێـت(Gorka Elordieta, ٢٠١٤:٢١).).

ڕافێڵسفێن (١٩٩٩ R.Raffelsiefen) بە چەند هێڵکارییەک ئەوەی خستووەتە ڕوو کە :

نواندنە مۆرفۆلۆجییەکان← نواندنە پرۆسۆدیکییەکان← نواندنە فۆنەتیکییەکان

ئەمـە واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت کـە نواندنـە پرۆسـۆدیکییەکان لـە نواندنـە مۆرفۆلۆجییەکانـەوە وەردەگیرێـن و پاشـان دەبنـە بنەمـای نواندنـی فۆنەتیکیـی. هەرلـەم ڕووەوە ئامـاژە دەدات بـەوەی کـە ئەگـەر وشـەیەکی فۆنۆلۆجیـی جووتکـرا لەگـەڵ وشـەیەکی تـری فۆنۆلۆجیـدا (لـە دەربڕینـدا )و گوێگرێـک توانـی بـە هـۆی سـنووری هێزەکانیانـەوە شـییان بکاتـەوە ، (ئـەوە بـە فرێزێکـی فۆنۆلۆجـی دائەنرێـت)، ئەگـەر وانەبـوو ئـەوا ئـەو دوو وشـەیە دەبـن بـە یـەک وشـەی فۆنۆلۆجـی (١٩٩٩ R.Raffelsiefen, In: Hall, Kleinhenz ١٩٩٩:١٦٩-١٧٠).

کەواتـە کاتێـک وشـە فۆنۆلۆجییـەکان گـەر بەتەنهـاش بـن، لـە ئاسـتی فەرهەنگـەوە دێـن بـۆ دەربڕیـن و دەچنـە

ئاستە پرۆسۆدیکییەکانی تـرو دەردەبڕرێـن، دەبنـە فرێـزی فۆنۆلۆجیـی و هێزەکەشیان ئەبێتـە هێـزی فرێزیـی، لـە ئاسـتی دوافەرهەنـگ دا. دروسـتەی فرێـزی فۆنۆلۆجـی وەک لـە ( In: Hall, Kleinhenz ١٩٩٩ DAVID BECK , ١٩٩٩:٢٥-٢٦)، دا ئامـاژەی پێـدراوە، نزیکـە لـە دروسـتەی وشـەی فۆنۆلۆجییـەوە، لـە کۆمەڵێـک لێکۆڵینـەوەی تـردا کەلەوسـەرچاوەیەدا خراونەتـە ڕوو، دروسـتەی فرێـزی فۆنۆلۆجیـی پەیوەسـت بـە تایبەتمەندیـی زمانەکـەوە، دەکرێـت نەخشەسـازی خوارەزمـی فرێـزی فۆنۆلۆجیـی بـەم شـێوەیە بنوێنرێـت:

| ئاستی فەرهەنگ | ئاستی دوافەرهەنگ |
| --- | --- |
| -((وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$ | ( ((وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$ )$^{PPh/\varphi}$ |
| ((وشەی ئەرکیی هێزدار)$_{fnc}$)$^{PW1}$ | ((وشەی ئەرکیی هێزدار)$_{fnc}$)$^{PW1}$)$^{PPh/\varphi}$ |
| ((وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$ وشەی ئەرکیی)$_{fnc}$)$^{PW2}$<br>یان<br>((وشەی ئەرکیی $_{fnc}$ (وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$)$^{PW2}$ | ((وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$ وشەی ئەرکیی)$_{fnc}$)$^{PW2}$)$^{PPh/\varphi}$ یان<br>((وشەی ئەرکیی$_{fnc}$(وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$)$^{PW2}$)$^{PPh/\varphi}$ |
| (وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$)$^{PW1}$ (وشەی ئەرکیی$_{fnc}$)$^{PW2}$ ) | (وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$)$^{PW1}$ (وشەی ئەرکیی$_{fnc}$)$^{PW2}$))$^{PPh/\varphi}$ |
| (وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$)$^{PW1}$ (وشەی فەرهەنگیی$_{LW}$)$^{PW2}$ ) | (((وشەی فەرهەنگیی)$_{LW}$)$^{PW1}$ وشەی ئەرکیی)$_{fnc}$)$^{PW2}$)$^{PPh/\varphi}$ |

### ٣/١ هێزی ئەکسێنتیی accent stress:

هێـزی ئەکسـێنتیی، مەبەسـت لەوەیـە کـە لـە وشـەی ئەکسـێنتی دا word accent کـە وشـە فۆنۆلۆجییەکانـی زمانێکـە تیایانـدا بڕگەیەکـی دیاریکـراو زیاتـر زەقدەکرێتـەوە دەردەخرێـت لـە چـاو بڕگـە پێکهێنەرەکانـی تـری وشـە فۆنۆلۆجییەکـەدا، بەمـەش زنجیرەیەکـی ڕێکخـراو لـە بڕگـەی هێـزدارو ناهێـزداری پێکـەوە بەسـتراو دروسـت ئەبێـت کـە (پێ)یـەک بەرهـەم دێنـن، (بەمەرجێـک لـە سـێ بڕگـە زیاتـر نەبێـت لەئاسـتی فەرهەنـگ دا)و ئـەوەش ڕیتمێـک دەبەخشـن بـە وشـەکە کـە شـێوازی وتنەکـەی یـان نواندنـە فۆنۆلۆجییەکـەی دیاریـدەکات، بـە پێـی پۆلـە کەتیگـۆری وشـەکە، کـە پێـی دەگوترێـت ئەکسـێنتی وشـەword accent، کاتێـک ڕییتـم دیـاری دەکرێـت کـە هێـز لـە وشـەکەدا بوونـی هەبێـت(TRASK,١٩٩٦: p٤, p٣٣٦). دەکرێـت وشـە فۆنۆلۆجییەکـە لـە یـەک (پـێ) زیاتـر پێکبێـت، لـەم بـارەدا هێـزە ئەکسـێنتییەکەی پلـەداری ڕیتمیـی ئەبێـت. بەسـتنەوەی ئـەم بڕگـە هێـزدارو بڕگـە ناهێزدارانـە (پـێ) پێکدەهێنـن و ئـەم (پێ)یـە یاخـود ئـەم (پێ)یانـەش وشـەی فۆنۆلۆجیـی phonolocical word پێکدەهێنـن لـە زمانەکـەدا.

ئـەم یاسـایە بـۆ دانـە فەرهەنگییەکانـی زمانـی ئینگلیزیـی پێـڕەو دەکرێـت کـە پێـی دەگوترێـت (یاسـای زەقێتـی/ دەرکەوتوویـی کەتیگۆرییانەیـی فەرهەنگیـی Lexical Category Prominence Rule LCPR) کـە لـە هەندێـک لـە وەشـاندنەکانی فۆنۆلۆجیـی مێتیکاڵیی/پێوانەییـدا لـە فۆنۆلۆجیـی فەرهەنگیـدا وەک بنەمایـەک بەکاردێـت بـۆ داڕشـتنی تـەرزی هێـزی وشـە بـۆ دانـە فەرهەنگییەکانـی زمانـی ئینگلیـزی لـە وشـە فـرە بڕگەییـەکان و لـە وشـە لێکـدراوە و ئاڵۆزەکانیشـدا (TRASK,١٩٩٦:٢٠٧).

لـەم لێکۆڵینەوەیـەدا هەوڵـدراوە بـە پێـی تایبەتمەندیـی دانـە فەرهەنگییەکانـی زمانـی کوردیـی یاسـای (LCPR) دابڕێژرێـت، وەک لـە دیاریکردنـی ئاسـتە فەرهەنگییەکانـدا دەبینرێـت. ئـەم پرەنسـیپە بـۆ ئـەو زمانانـە شـیاوە کـە بـە زمانـە هێزییـە کاتڕێکخـراوەکان Stress Timed Languages نـاسراون.

هەروەها بە پێی ئاستە فەرهەنگیی و دوافەرهەنگییەکان سێ جۆری هێز دیاریکراوە، کە بریتین لە

-هێـزی فەرهەنگیـی یـان هێـزی وشـە: چەنـد پلەیەکـی ڕێژەییانـەی جەختـە یـان زۆرلێکردنە/فشـارە کـە وشـەکان

یـان بەشـێک لـە وشـەکان هەیانە/لەسـەریانە، کاتێـک کـە گوزارشـتیان لێدەکرێـت یـان گـۆ دەکرێـن  بەتەنهـا و بـە جیاکراوەیـی لـە دانەکانـی تـر، وەک ئـەوەی کـە لـە فەرهەنگـدا هـەن(Zapata.A, ۲۰۰۹: ۱). دوو ئاسـت یـا سـێ ئاسـت بـۆ هێـزی فەرهەنگیـی دیاریکـراوە کـە بریتیـن لـە هێـزی سـەرەکیی، هێـزی ناوەندیـی/دووەم، هێـزی لاواز/ سـێیەم. بڕوانـە (٤/١) .

هێـزی فرێزیـی: گەورەتریـن دەرکەوتوویـی وشـەیە (چ هێـز بێـت لـە زمانـە هێزییـەکان دا، یـان تـۆن بێـت لـە زمانـە تۆنییـەکان دا، یـان تەوژم/پیـچ بێـت لـە زمانـە تەوژمییـەکان دا) کـە لەسـەر پێکهێنـەرە بنچینەییەکانـی فرێزێـک دەردەکەوێـت. لـە ئینگلیزیـی دا گەورەتریـن زەقێتی/دەرکەوتوویـی لەسـەر  وشـە پێکهێنـەرە بنچینەییەکانـی کۆتـا دانـەی لای ڕاسـت دا/ڕاسـتریینی لای ڕاسـتی فرێزێـک دەردەکەوێـت. (Selkirk, ١٩٨٤:١٤٦). کـە هێـزی یەکێـک لـە فرێـزە پێکهێنەرەکانـی ڕسـتەکە/دەربڕاوەکە ئەبێتـە هێـزی سـەرەکی سینتاکسـی، وەک لـە:

- X sentence stress

- X X phrase stress

- X X X X lexical stress

-The mayor of Chicago won their support

ئەبێـت ئـەوە لەبەرچـاو بگیرێـت کـە دروسـتەی فرێـزی فۆنۆلۆجیـی وهێـزی فەرهەنگیـی و هێـزی فرێزیـی لـە وشـەی فۆنۆلۆجیـی و فرێـزی فۆنۆلۆجیـی دا، لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر جیـاوازە، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو جیاوازییـە دەکرێـت هێـزەکان و شـوێنی هێـزەکان گۆڕانکاریـی بەسـەردا بێـت.

لـە کوردییشـدا هێـزی سینتاکسـیی هاوتـای هێـزی فرێزیـی نییـە، چونکـە هێـزی سینتاکسـیی سـەرەکیی دەرکەوتووترین هێـزی سـەر یەکێـک لـە بڕگەکانـی وشـە فۆنۆلۆجییـە پێکهێنـەرەکانـی سـەرجەم دەربڕاوەکەیـە، دەشـێت دەربڕاوەکـە لـە یـەک، دو، سـێ، چـوار.. فرێـزی فۆنۆلۆجیـی یـان زیاتـر پێکهاتبێـت و هەریەکێکیـش لـەو فرێـزە فۆنۆلۆجییانـە لـە چەنـد وشـەیەکی فۆنۆلۆجیـی  پێکهاتبێـتن.

لـەم بـارەدا، تەنهـا هێـزی سـەریەکێک لـە وشـە فۆنۆلۆجییەکانـی نـاو یەکێـک لـە فرێـزە فۆنۆلۆجییـەکان ئەبێـت بـە هێـزی سـەرەکیی سینتاکسـیی، لـە کاتێکـدا بـە پێـی ژمـارەی فرێـزە فۆنۆلۆجییـە پێکهێنـەرەکان هێـزی فرێزیـی بەردەسـت ئەبێـت، پاشـان بـە پێـی ژمـارەی ئـەو فرێـزە ئاوازەییانـەی پێکـی دەهێنـن، ئەوەنـدە هێـزی سـەرەکیی تـری فرێـزی ئاوازەیـی بەردەسـت ئەبێـت و تیایانـدا هێـزی یەکێـک لـە فرێـزە ئاوازەییـەکان ئەبێتـە هێـزی سـەرەکیی سینتاکسـیی، بـە هێڵـکاری تۆڕ/گریـد بـەم شـێوەیە دەنوێنرێـت:

-٤ X Utt . ئاستی هێزی سینتاکسی

-٣ X IP٢ IP١X IP٣X . ئاستی هێزی فرێزی ئاوازەیی

-٢ pph٣ pph٢X pph١X pph٤ X X ئاستی هێزی فرێزی فۆنۆلۆجی

-١ X X X X X X X .X ئاستی هێزی فەرهەنگی

-[ مامۆستایان مان دەگـiران، نەک فەرمانبەر.]

- مامۆستایان مان دەگـiران، نەک فەرمانبەر.

لە کوردییدا ، دەکرێت هەریەکێک لە هێزە فرێزییەکان بن بە هێزی سینتاکسی:

نواندنی براکێتی/ کەوانەیی ئەبێت بە :

-[ [مامۆستا ́]pw +[یان ́] fnc ] + [[مان ́] pw+[ [دە ́] fnc +[گ ́ار] [i ́] + pwن] fnc] ] ،[ [نەک ́] fnc+[ فەرمانبەر ́] pw] ].

لـە ٨ وشـەی فۆنۆلۆجیی/پرۆسـۆدیکیی و (وشـەی ئەرکیـی) هێـزدار پێکهاتـووە. واتـە هەشـت هێـزی فەرهەنگیـی هەیـە. بـەم جـۆرە:

١- [ [[مامۆسـتا] pw ] +[یـان] IP1 [ pph1 ] fnc + ] ] [[مـان] pw +[ [دە] fnc +[گـر] pw +[ن] IP2 [ pph3 ] pph2 ] fnc + ]] [نـەک] fnc + [فەرمانبـەر] IP3 [ pp4 ] pw]

٢- [مامۆسـتایان] pph1 + [مـان [دە گـرن] pph3 [ pph2 + [نـە ک فەرمانبـەر] pph4. لـە چـوار فرێـزی فۆنۆلۆجیـی پێکهاتـووە، کـە واتـە چـوار هێـزی فرێزیـی فۆنۆلۆجیـی هەیـە.

٣-[مامۆسـتایان] IP1 + [مـان دە گـرن ] +IP2 [نـەک فەرمانبـەر] IP3. لـە سـێ فرێـزی ئاوازەیـی پێکهاتـووە کەواتـە سـێ هێـزی فرێزیـی ئاوازەیـی هەیـە.

٤-[ مامۆسـتایان مـان دەگـرن، نـەک فەرمانبـەر]Utt، سـەرجەم دەربڕاوەکـە یـەک هێـزی سینتاکسـیی سـەرەکیی هەیـە، کـە هێـزی یەکێـک لـە سـێ فرێـزە ئاوازەییەکـە بـەرز دەکرێتـەوە، بـە پێـی خواسـت و پێداویسـتی گفتوگۆکـە و ئەبێتـە هێـزی سـەرەکی سینتاکسـی.

هێـزی سینتاکسـیی، ئەبێـت سـەرەتا هێـزی سینتاکسـیی لـە هێـزی فرێـزی جیابکرێتـەوە، پاشـان هێـزی سینتاکسـیی ئەبێتـە گەورەتریـن دەرکەوتوویـی لـە سـەر یەکێـک لـە برگـەکان لە سـەرجەمی دەربڕاوێـک دا، بـۆ نموونە لـە ئینگلیزیی دا، هێـزی سینتاکسیی/ڕسـتەیی دەکەوێتـە سـەر (زەقتریین/دەرکەوتووترییـن برگـە) لـە دواییـن دانـەی فەرهەنگـی دا لـە سـەرجەمی دەربڕاوەکەدا(کـە بـە پێـی تایبەتمەنـدی زمانەکـە دەگۆڕێـت)(TRASK, ١٩٩٦:٣٢٠)، بـۆ نموونـە لـە:

Janet lóves it .   vs.   Janet loves her fóod.

بـەڵام زاپاتـا (Zapata.A, ٢٠٠٩) وا گریمانـە دەکات کـە هێـزی ڕستەیی/سینتاکسـی : چەنـد پلەیەکـی ڕێژەییانـەی جەختـە یـان زۆرلێکردنە/فشـارە کـە وشـەکان یـان بەشـێک لـە وشـەکان هەیانە/لەسـەریانە، کاتێـک کـە گوزارشـتییان لێدەکرێـت یـان گـۆ دەکرێـن یـان بەکاردەهێنرێـن لـە قسـە پێکەوەبەسـتراوەکاندا/ لـە دەربڕاوەکانـدا لەگـەڵ وشـەکانی تـردا.

١-٣/١ ریتـم: لـە زمـان و ئـەدەب دا، ریتـم سـەرچاوە دەگرێـت لـە، یەکـەم: بەرودواهاتنـیalternation لێدانـەکان/ ترپـەکان  لـە نێـوان ترپـە دەرکەوتووەکان/زەقکـراوەکان و ترپـە دەرنەکەوتـووەکان دا، کـە بـە پێـی جـۆری زمانـەکان گۆڕانـکاری بەسـەردا دێت(دەکرێـت ترپـەکان برگـە هێـزدارو ناهێـزدارەکان، یـان برگـە قـورس و سـووکەکان بـن، ،.... ). دووەم: سـەرچاوەدەگرێت لـە بەرودواهاتنـی ترپـە دەرکەوتووەتـرەکان، لـە نێـوان ترپـە زۆردەرکەوتووتـرەکان و ترپـە کەمـتر دەرکەوتووەکانـدا.( Kiparsky,٢٠٢١: ٦٥٧-٦٧٥)). جـۆری دووەم دەکەوێتـە ئاسـتی دوافەرهەنگـەوە لـە ریتمـی فرێـزی فۆنۆلۆجیـی و فرێـزی ئاوازەیـی و دەربـڕاو دایـە. لـە زمانـە هێزییەکاترێکخـراوەکان دا (پـێ) ئەبێتـە یەکـەی ریتمیـی لـە کاتێکـدا گـەر زمانەکـە خاوەنـی هێـزی ئەکسـێنتیی بێـت. لـە زمانـی ئینگلیزیـی دا ریتمـی هێـزی ئەکسـێنتیی لەسـەر برگەکانـە لـە ئاسـتی فەرهەنگەکـەی دا ، لـە ئاسـتی دوافەرهەنگیشـی دا  ریتـم لەسـەر (پێ)یـە پێکهێنەرەکانـی دەربـڕاوە فۆنۆلۆجییەکانـە. لـە کوردیـی دا لـە هـەردوو ئاسـتەکەدا لەسـەر (پێ)یـە پێکهێنەرەکانـی وشـەی فۆنۆلۆجیـی و فرێـزی فۆنۆلۆجیـی  و فرێـزی ئاوازەییـە.

## ٢-٣/١ئەکسێنتی هێزی ریتمیی لە کوردیی دا:

ئەکسـێنتی هێـزی ریتمیـی لـە کوردیـی دا،  هێزێکـی مۆڕاییـەو  کارناکاتـە قورسـکردن یان گرژکـردن، یـان درێژکردنەوەی برگـەکان، بەڵکـو لەسـەر بزوێنـی برگـەی هێـزداری نـاو (پێ)یـە هێـزدارەکان دائەنرێـت، هێـزی ئەکسـێنتیی لـە کوردیـی

دا لـە دوو تـەرزدا دەبینرێتـەوە کـە بریتیـن لـە:

(ئەکسـێنتی هێـزی ریتـم چەسـپاو، ئەکسـێنتی هێـزی ریتـم گـۆڕاو). ئەکسـێنتی هێـزی ریتـم چەسـپاو:نواندنی هێـزی سـەرەکییە لـەو وشـانەدا کـە لەیـەک بڕگـە پێکهاتـوون دەبـن بـە یـەک (پـێ) و وشـەفۆنۆلۆجییەکە پێکدەهێنـن. ئەکسـێنتیی هێـزی ریتـم گـۆڕاو : نواندنـی هێـزی سـەرەکی لـە سـەر ئـەو وشـە فەرهەنگییانـەی کەلەیـەک بڕگـە زیاتـر پێکهاتـوون لـە کوردیـی دا بەڕییتـم گـۆڕاو دائەنرێـت، چونکـە بـە پێـی پۆلـە گەتیگۆریـی دانـە فەرهەنگییـەکان، شـوێنی نواندنـی ئاسـتی هێزەکـە دەگۆڕێـت، ئـەوەش ئەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی (پـێ)ی هێـزداری جیـاواز. ئەکسـێنتی هێـزی ریتـم گـۆڕاو، یـان سـەرەتاگریی ئەبێـت یـان کۆتاگریـی لەئاسـتی یـەک و دوو دا ، یـان هێزێکـی پلـەداری ریتمیـی ئەبێـت لـە ئاسـتی سـێ و چـوار و لەئاسـتی دوافەرهەنـگ دا.. ئەکسـێنتی هێـزی ریتمیـی پلەداریـش دوو جـۆرە: وەک، هێـزی ریتمـی سـەرەتاگری[ΣsΣw]، هێـزی ریتمـی کۆتاگـری[Σw Σs] دەکەونـە ئاسـتی سـێ لەفەرهەنگدا. پوختـەی ئـەم بابەتەلـە (١/ ٤ دیاریکردنـی ئاسـتەفەرهەنگییەکان بـە پێـی دروسـتەی پێوانەیی(پـێ)ی ریتمـی و هێـز لـە مۆدێلـی فەرهەنگیـی و دوافەرهەنگیـی کوردیـی دا:) دا خراوەتـەڕوو .

## ٣/١-٢-١ یاسا بنچینەییەکانی بنەمای هێزدانان و یاساکانی هێز:

لـە پەسـنکردنی یاسـابنچینەییەکانی هێزدانـان دا سـەرنج دەخرێتـە سـەر ئـەو یاسـایانەی کـە هێزییـان پـێ دائەنرێـت، نـەک سـەرنج بخرێتـە سـەر ڕووکاری خـودی هێـز، لـەم ڕووەوە تیشـک دەخرێتـە سـەر جـۆرە بنەڕەتییەکانـی یاسـاکانی بنەمـای هێزدانـان کـە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمانێکـی تـر جیـاوازە. زاپاتـا (Zapata.A, ٢٠٠٩: ٤-٥)چەنـد بنەمایـەک دیاریـدەکات بـۆ زمانـی ئینگلیزیـی، کـە دەکرێـت چەنـد خاڵێکـی لێـوە هەڵبهێنجرێـت.

٣/١-٢-١-١یاسا بنچینەییەکانی بنەمای هێزدانان:

یاسا بنچییەکانی بنەمای هێزدانان لە زۆربەی زمانەکان دا بەگشتی بەندە بە چەند تایبەتمەندییەکەوە وەک:

١- ژمارەی بڕگە پێکهێنەرەکانی وشە.

٢- بەکارهێنانـی وشـەکە بەتەنها/بەجیـا یـان لەگـەڵ وشـەی تـردا. واتـە وشـەکە لەئاسـتی فەرهەنـگ دایـە، واتـە بەجیـا بەکاتهاتـووە یـان لـە ئاسـتی دوافەرهەنـگ دایـەو لـە زنجیـرە دەربـڕاوەکان دایـە. لـە ئاسـتی فەرهەنگیـش دا لـە نـاو پێکهاتـە داڕێـژراو و لێکـدراوەکان دایـە یـان بەتەنهایـە.

٣- هێزداریی یان ناهێزداریی وشەکە. وەک لە وشە فەرهەنگیی LWو وشە ئەرکییەکاندا fnc. و بەدی دەکرێت.

٤-وشـەکە لـە ژینگـە داڕشـتنییەکان دا هێزەکـەی دەپارێزێـت یان لەدەسـتی دەدات. واتـە وەک لە ژینگە داڕشـتنییەکانی وشـە داڕێـژراو و لێکـدراوەکان دا ڕوودەدات بـۆ وشـە فەرهەنگییـەکان، وشـەکە ناهێـزدارە و ئەبێتـە هێزڕاکێشـەر یـان نـا، وەک لـە وشـە ئەرکییـە ناهێزدارەکانـدا ڕوودەدات، یـا هێزەکـەی دەپارێزێـت وەک لـە وشـە ئەرکییـە هێزدارەکانـدا ڕوودەدات.

٥- وشـەکان لـە ئاسـتی فەرهەنـگ دا یـان لـە ئاسـتی دوافەرهەنـگ دا چ جـۆرە گۆڕانێـک بەسـەر شـوێنی هێزەکەیـان دا دێـت.

٦- ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی پرۆسۆدیکیی زمانەکە، کە سەر بە چ پۆلێکی پرۆسۆدیکییە.

لەسەر ئەو بنەمایانەی کە باسکران لە کاتی دیاریکردنی هێزی (سەرەکی و هێزی ناوەندی،... )دا ، پێویستە:

(١- ڕەچـاوی کەتیگـۆری گراماتیکیـی وشـەکە/دانە فەرهەنگییەکـە بکرێـت و بزانرێـت کـە (نـاو، هاوەڵنـاو، کـردار/ پارادایمـی کرداریـی، پێشـناوە،...)چونکە ئـەم کەتیگۆرریيانـە ڕۆڵیـان ئەبێـت لـە دەستنیشـانکردنی شـوێنی هێزەکـەدا.

٢- ئەبێت رەچاوی دروستەی بڕگەییەکەیان بکرێت.

٣- ئەبێـت رەچـاوی پۆلـە کەتیگـۆری و دروسـتەی مۆرفۆلۆجیـی دانـە فەرهەنگییەکـە بکرێـت (Zapata.A, ٢٠٠٩: ٤-٥))، لـە هـەردوو ئاسـتی فەرهەنـگ و دوافەرهەنگـدا.

هەمـان ئـەو بنەمایانـەش لـە کوردیـی دا پەیڕەوکـراون وەک بنەمـای هێزدانانـی پۆلـە کەتیگۆرییانـەو مۆرفۆلۆجییانـە و بـە بەکارهێنانـی یاسـای هێـزی ریتمیـی کـە یەکـەی (پێ)یـە، لـە بەشـی چوارەمـی ئـەم توێژینەوەیـەدا بـۆ زمانـی کوردیـی تاقیکراوەتـەوە. وەک لـە ٤/١ دا خراوەتـەڕوو. لەدەرئەنجامـی ئـەو بنەمـا بنچینەییانـەی هێزدانـان دا سـێ جـۆر یاسـای هێـز دێتـە ئـاراوە، کـە بەیاسـاکانی هێـز دەناسرێـن، بریتیـن لـە (هێـزی ئـازاد بەرامبـەر هێـزی چەسـپاو Free Vs. Fixed stress ، هێـزی ریتمیـی بەرامبـەر بـە هێـزی مۆرفۆلۆجـی Rhythmic Vs. Morphological stress، هێـزی دیاریکـراو بەرامبـەر بـە هێـزی نادیاریکـراو Bounded Vs. Unbouned stress (Hayes ١٩٩٥:٣١-٣٣)).کـە لێـرەدا تەنهـا ئامـاژە بـە (هێـزی ریتمـی بەرامبـەر بـە هێـزی مۆرفۆلۆجـی) دەدرێـت:

### ٣/١-٢-٢-١-٢هێزی ریتمیی بەرامبەر بە هێزی مۆرفۆلۆجیی Rhythmic Vs. Morphological stress:

لـە سیسـتەمی ‹هێـزی ریتمیی›دا هێز بەتەنها لەسـەر بنەمـای هۆکارە مۆرفۆلۆجییـەکان دائەنرێـت(Hayes,١٩٩٥:٣١-٢)، پشـت دەبەسـتێت بـە تایبەتمەندییـە ریتمییەکانـی خـودی زمانەکـە بۆنموونـە تایبەتمەندیـی ریتمیـی لـە ئینگلیزیـی دا بەنـدە بـە کێشـی بڕگـە، هێزدانـان بـە پێـی شـوێنی بڕگـە لـە سـنوورەکانی وشـەکەدا وەک بڕگـەی ئەنتی پەنەڵتیمەیـت، پەنەڵتیمەیـت، ئەڵتیـمای وشـەکەدا،.... بـەڵام لـە کوردیـی دا بەنـدە بـە تایبەتمەندیـی ریتمیـی کـە بـە هـۆی جـۆری دروسـتەی (پـێ) لـە ئاسـتی فەرهەنـگ دا دیـاری دەکرێـت. (هێـز لـەم جـۆرە سیسـتەمی مۆرفۆلۆجیـی و ریتمییـەدا کاردەکات بـۆ ڕوونکردنـەوەی دروسـتەی مۆفۆلۆجیـی وشـەکە، زۆرجـار بڕگەیەکـی تایبـەت لـە ڕەگەکـەدا ئەبێتـە هەڵگـری هێـزی سـەرەکیی، یـان لاگرەکان(وشـەئەرکییەکان) ناهێـزدار دەبـن یـان هێزێکـی لاوازیـان هەیـە (وەک لـە ئینگلیزیـی دا)، وەک ئـەوەی کەلـە (b Kiparsky١٩٨٢ )دا خراوەتـەڕوو بـۆ نواندنـی سیسـتەمی هێـزی مۆرفۆلۆجیـی لـە ئینگلیزیـی دا. وشـە ئەرکییەکان(لاگرەکان) کۆمەڵێـک تایبەتمەندیـی جیاکەرەوەیـان بـۆ دیاریدەکرێـت لـە ڕووی بنەمـای هێزدانانـی مۆرفۆلۆجییـەوە، وەک : دەکرێـت خۆڕسـکانە هێزداربـن و هێـزی فەرهەنگیـی خۆیانیـان لەسـەر بێـت، یـان خۆڕسـکانە ناهێزداربـن، بتوانـن هێـز لەسـەر ئـەو بـوارە/ ژینگـە دارشـتنییە لاببـەن کـە پێـوەی دەلکێـن، بـۆ خۆیانـی ڕابکێشـن، یـان،.... هەندێـک جـار ئـەم سیسـتەمانە وەک تەرزێکـی پێشـوەختە گریمانـە کـراون(وەک ئـەوەی کـە لـەم تێـزەدا بنەمـای هێزدانانـی کەتیگۆرییانـەو مۆفۆلۆجیانـە بـۆ زمانـی کوردیـی گریمانەکـراوە). سیسـتەمێکی لـەم جـۆرە بۆ زمانـە ئەوروپییـەکان و لقـە جیاوازەکانییـان گونجـاوە. بـەڵام چەمکەکانـی هێـزی مۆرفۆلۆجییانـەو ریتمییانـە هەمیشـە بەجیـا دەرناکـەون، بەڵکـو زۆربـەی سیسـتەمەکانی هێـز تێکەڵەیەکـە لـە هەردووکیـان ( Hayes,١٩٩٥:٣٣١-٣٢). یـان بـە پێچەوانـەوە دەکرێـت لـە ڕێگـەی دروسـتەی مۆرفۆلۆجیـی وشـەکەوە و لـە دیاریکردنـی کەتیگۆرییـە گراماتیکییەکەیـەوە شـوێنی هێزەکـە دیاریبکرێـت، وەک ئـەو بنەمـای هێزدانانـەی کـە بـۆ دانـە فەرهەنگییەکانـی کوردیـی کـە تاقیکراوەتـەوە لـەم تێـزەدا.

## ٣/١-٣ تایبەتمەندییە پرۆسۆدیکییەکانی پۆلی زمانەکان و زمانی کوردیی:

### ٣/١-٣-١زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان stress-timed languages:

لـە زمانـەکان دا دوو جـۆری جیـاواز ریتـم هەیـە کـە لەسـەر (بڕگە)یـان (پـێ) دائەنرێـت،› ریتـم›ی هێـز کـە لەسـەر (بڕگـە) هێزدارەکانـە لـە ڕووی کاتـی خایەنـراوەوە بـە نزیکەیـی وەک یـەک دەبـن، واتـە بڕگـە هێـزدارەکان مەیلـی ئەوە

دەکەن لەماوەیەکی هاوتاو یەکسان دا بەدوای یەکدا بێن (هەرچەندە تراسک پێی وایە یەکسانبوونیان بابەتێکی تیۆرییە نەک کارەکی(TRASK,۱۹۹۶:۳۳۷)). ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێت کە درێژی بڕگەکان لەیەک جیاواز دەبن (لەسەر بنەمای هێزداریی و ناهێزدارییان)، واتە ئەو بڕگانەی کەدەکەونە نێوان بڕگە هێزدارەکانەوە کورت دەبنەوە. لە زمانی ئینگلیزیی دا ڕیتم بە پێی (پێ)یەکان ڕێکخراوە، لەوزمانەدا (پێ) بە بڕگە هێزدارەکان دەست پێدەکات و بە بڕگە ناهێزدارەکان کۆتایی دێت لە ئاستی دوافەرهەنگ دا.

هیچ زمانێک بەتەنها و بەتەواوەتی لە زمانە هێزییە بڕگە ڕێکخراوەکان یان لە زمانە هێزییە ڕێکخراوەکان نییە.

( (پێ) foot یەکەی کرۆکییە لە زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکاندا stress-timed languages ، ئاماژە دەکات بۆ دروستەی ریتمیی rhythmical structure کە دروست ئەبێت لە بڕگە هێزدارو بڕگە ناهێزدارەکان، تا بڕگەیەکی هێزداری تر بەدوایاندا دێت (Giovanna Marota,۲۰۰۳: ۲).

## ۲-۳-۳/۱زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکان syllabel-timed languages:

لەم جۆرەزمانەدا بڕگەکان مەیلی ئەوە دەکەن کە ماوەیەکی هاوتاو یەکسان بخایەنن، هەموو بڕگەکان هەمان درێژییان هەیە، چ بزوێنی بڕگەکەیان بزوێنێکی درێژ بێت یا کورت یا لەرووی پیکهێنەرە بنچینەییەکانیانەوە جیاوازبن، جا هێزداربن یان نا. وەک لە زمانی ئیسپانیی و فەرەنسیی دا (Maria-Josep Solé,1991:153-154).

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دوو تایبەتمەندییە، جیاوازی نێوانییان بە چەند خاڵێك دەخرێتە ڕوو:

| زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان stress-timed languages | زمانە بڕگەییە کاتڕێکخراوەکان syllabel-timed languages |
|---|---|
| ١- کەمکردنەوەیەکی زۆر هەیە لە کوالێتیی بزوێنی بڕگەکان دا، چونکە بڕگە ناهێزدارەکان کاتێکی کەمییان هەیە بۆ دەربڕین بۆ پارێزگاری کردن لە 'بیت'/'ترپە'ی سەر بڕگە هێزدارەکان. | ١-کورتکردنەوەی زیاتری بزوێنی بڕگە ناهێزدارەکان، وەک لە ئیسپانیی دا چونکە بڕگە هێزدارو ناهێزدارەکان بە نزیکەیی بە هەمان کاتی خایەنراو گۆدەکرێن. |
| ٢- دروستەی بڕگەییان ئاڵۆزە. | ٢- دروستەی بڕگەییان سادەیە |
| ٣- کێشtempo کاریگەری نارێژەیی نەگونجاوی هەیە تیایاندا، چونکە ڕەوتی قسەکردنەکە چ خێرا بێت یان هێواش کارناکاتە سەر ماوەی خایەنراوی بڕگە هێزدارەکان، واتای دەربڕاوەکە ناگۆڕێت. | ٣- کێش کاریگەری ڕێژەیی گونجاوی هەیە تیایاندا، چونکە ڕەوتی قسەکردن کاردەکاتە سەر بڕگە هێزدارو بڕگە ناهێزدارەکان. واتای دەربڕاوەکە دەگۆڕێت. |
| ٤- هێزی ناوەندییان هەیە. لەئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دا. یان هێزی ریتمیی بەرهەم دێنن لە زنجیرە درێژەکان دا، بۆ دوور کەوتنەوە لە دروست بوونی زنجیرەی درێژ کە تیایاندا نەتوانن بڕگە هێزدارەکە هێندە درێژ بکەنەوە بەقەد ژمارەی بڕگە ناهێزدارەکان. | ٤- هێزی ناوەندی/ دووەمیان نییە. |
| ٥- سیستەمی دروستەی پێوانەییان لە جۆری ئەکسێنتییە، چونکە لەم جۆرەزمانانەدا، بڕگەهێزدارەکان بە بەنزیکەیی لە هەمان کاتی خایەنراو دا دێن، هێزدانان لە سیسیستەمە پێوانەییەکەیاندا لە دروستەی (پێ)وە سەرچاوە دەگرێت. (پێ) ئەبێتە یەکەی ڕیتم لە زمانەکەدا. | ٥- سیستەمی دروستەی پێوانەییان لە جۆری بڕگەییە. چونکە بڕگەهێزدار و ناهێزدارەکان بەنزیکەیی لە هامان کاتی خایەنراو دا دێن، هێزدانان لە سیستەمە پێوانەییەکەیان دا لە دروستەی بڕگەوە سەرچاوە دەگرێت. (بڕگە) ئەبێتە یەکەی ڕیتم لە زمانەکەدا. |

دەکرێت وا گریمانە بکرێت کە زمانی کوردیی لە پۆلی زمانە هێزییە کاتڕێکخراوەکان دابنرێتstress-timed language ، چونکە ئەکسێنتی هێزی ریتمیی هەیە، (پێ) یەکەی ڕیتمە لە ئاستی فەرهەنگ و دوافەرهەنگ دا، هێز دەکەوێتە سەر بزوێنی بڕگەی هێزدار لە (پێ)یە هێزدارەکان دا. زمانی کوردیی زمانێکی ئاوازەییە و دروستە ئاوازەییەکەی پێکدێت لە (هێزی ریتمیی + تەوژم/پیچ )لە فرێزە ئاوازەییەکانی ئاستی دوافەرهەنگ دا.

بۆڕوونکردنەوە بڕوانە نموونەکان کەلە (٣/١ هێزی ئەکسێنتیی accent stress:

)خراوەتەڕوو.

١/ ٤ دیاریکردنی ئاستەفەرهەنگییەکان بە پێی دروستەی پێوانەیی(پێ)ی ریتمی و هێز لە مۆدێلی فەرهەنگیی و دوافەرهەنگیی کوردیی دا:

لەم توێژینەوەیەدا لە نواندنی هێزدانان بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی لەسەرجەم ئاستەکان دا، بە گشتی پێڕەوەی هێزی ئەکسێنتیی و بنەمای هێزدانانی کەتیگۆرییانە و مۆرفۆلۆجییانە کراوە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئاستەکانی فەرهەنگ جیاکراوەتەوە. بە پێی ئەو بنەمایە تیایدا هێزی ئەکسێنتیی بە پێی جۆری پۆلە کەتیگۆرییەکان بۆ دانە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردیی دائەنرێت. ئەم هێزدانانە دروست بوونی ڕیتمی جیاوازی لێدەکەوێتەوە، کە لە چوار ئاستدا لە فەرهەنگ دا دیاریکراوە، بەم جۆرە:

١-٤/١ ئاستی ڕیتمی چەسپاو:

نواندنی ئاستی ئەودانە فەرهەنگیانەیە کە لە تەنها یەک برگە پێکدێن و دەبنە (پێ)ی بەدیهێنراوی هێزدار، ڕیتمێکی چەسپاویان هەیە، کە ئاستی برگە =بە ئاستی پێ =بە ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی. ئەو دانانەی دەکەونە ئەم ئاستەوە :

نواندنی (ناو)ە یەک برگەییە کان : [شیرڕîş، ئاوω← [Σ́]←[σ́]  cv́c ←[... ‹aw.

نواندنی (هاوەڵناو)ە یەک برگەییەکان: [چاک çák ، باشω← [Σ] ←[σ́]  cv́c←، báş.

ڕاستاندنی ئاستی هێز دانان لە نواندنی (ڕەگی کردار) دا: [نووسnûs ، ، بینbîn ، برِbiř، کوژ...]ڕەگ cv́c ← [←[σ́] ←[Σ

نواندنی جێناوە سەربەخۆکان، پۆلەڕەگەزە ناسەرەکییەکان/وشە ئەرکییە هێزدارە سەربەخۆیەک برگەییەکان:

-[ من، تۆ، ئەو]← ω= Fn←[Σ] ←[ό.σ]cv́c

-[کە، تا، یا] Fn = ω ←[Σ ]←[ό.σ] cv́.

٢-٤/١ ئاستی یەک:

نواندنی ئەو دانە فەرهەنگیانەی کە وشەی فۆنۆلۆجین، دوو برگەیی یان سێبرگەیین و لە یەک (پێ)ی هێزدار پێکدێن، کە هێزدانانی سەرەتا-گرییان Initial Stress Assignment ISAهەیە لەیەک (پێ)دا، کە ئاستی (پێ) یەکسانە بە ئاستی وشەی فۆنۆلۆجی. گەر دوو برگەیی بوون (پێ)ی (ترۆکێکیی) بەرهەم دێنن، سێ برگەیش (پێ)ی (داکتڵ)، بەرهەم دێنن. ئەو دانانەی دەکەونە ئەم وەچە ئاستەوە:

نواندنی (هاوەڵناوە) دووبرگەیی و سێ برگەییەکان و دەرکردەی پرۆسەمۆرفۆلۆجییەکانی دارشتن و لێکدانی (هاوەڵناو) بە مەرجێک لە سێ برگە زیاتر نەبن. وەک :

-[تاریک، شیرین،] ← [تا. ریک، شی. رین، هە. ژار،..] ←[ω←[Σ] [σ′.σ .] cv́.cvc [ta. rîk, şî. rîn

- [شارەزا، شاراوە، ] ← [شا.رە.زا، şa. re. za،، شا.را.وە ω←[Σ.][σσ ό]← .cv .cv́.cv]şa.ra.we، .

نواندنی دانە فەرهەنگییە دارێژراوەکان بە پێشگر بۆ (ناو، هاوەڵناو، ڕەگی کردار). وەک:

-[هاوسەر،، هاوپۆل ] ←[هاو. سەر haw. ser ، ، هاو. پۆل ω←[Σ]←[σ′σ] cv́c.cvc ←[.haw. pol

-[بێخەم ، بێتام ،] ← [بێ. خەم bê. xem، بێ. تام ω←[Σ] [όσ]  cv́.cvc ←[bê. tam

-[[هەڵ کەن]هەڵکەندن [هەڵگر]هەڵگرتن] ←[هەڵ.کەنhel’.ken، هەڵ.گر[όσ]  cv́c.cvc ←[ hel’.gir ω ←[Σ]

نواندنی هاوەڵناوە دارێژراوەکان بەپاشگری [-ی]. [شاری، هندی]هاوەڵناو← ،[شاری،] ←[شا. ری [şa. rî ←,.cv́.cv [ ،hin.dî.ω←[Σ]←[σ′σ] .ω←[Σ]←[σ ό]cv́c.cv.← [،hin. dî.

-[[کـەلار]+ -ی] ←[کـەلاری]← [کەٰ. لا.ریω←[Σ]← [σσ´σ] cv́.cv.cv ←[ke.la.rî. لەبەرئـەوەی هاوەڵناون /ی/ درێـژ نابێتـەوە بـەڵام گـەر وەک نەسـەب/نازناو بەکارهاتـن هێزدانـان تیاینـدا ئەبێتـە کۆتاگـری و /ی/ بـە /یـی/ دەنوێنرێـت [کەلاریـی، هندیـی].

نواندنی جێناوە سەربەخۆ و پۆلەڕەگەزە ناسەرەکییەکان/وشە ئەرکییە هێزدارە سەربەخۆکان کە (٢،٣) بڕگەیین:

-[ ئێمـە، ئێـوە، ئـەوان]←: [ئـێ. مـە، ئـێ. وە] [ ω̕←[Σ ́]←[σ.́σ ]← cv́.cv [ê. me, ʼê. we ، لـە [ئـە. وان] [ cv́.cv̕ [e .wan بـە [ω →[Σ ́]←[σ.́σ.

[بـەڵامbe.l' am، یاخـودya.xud، نـەوەکne.wek، نەخێـرne.xêr، پاشـان←[Σ ́]←[σ.́σ] cv́.cvc [ pa.şan.] ω.

نواندنی (ڕەگی کردار)ە (٢،٣)بڕگەییەکان:

### ٣-٤/١ ئاستی دوو:

نواندنـی ئـەو دانـە فەرهەنگییانـە کـە دوو بڕگەیـی یـان سـێبڕگەیین و لـە یـەک (پـێ)ی هێـزدار پێکدێـن کـە هێزدانانـی کۆتا-گرییـان هەیـە Final Stress Assignment FSA، لەیـەک (پـێ)دا، کـە ئاسـتی (پـێ) یەکسـانە بـە ئاسـتی وشـەی فۆنۆلۆجیـی. گـەر دوو بڕگەیـی بـوون (پـێ)ی (ئایامبیکـی) بەرهـەم دێنـن، سـێ بڕگەیـش (پـێ)ی (ئەناپسـت) بەرهـەم دێنـن. ئـەو دانانـەی دەکەونـە ئـەم وەچـە ئاسـتەوە:

نواندنـی (نـاو)ە (٢،٣ )بڕگەییـەکان و دەرکـردەی پرۆسـەمۆرفۆلۆجییەکانی دارشـتن و لێکدانـی (نـاو)ەکان بەمەرجێـک لـە سـێ بڕگـە زیاتـر نەبـن، وەک:

-[دیمەن]نـاو← نواندنـی پێکهاتەیـی= نواندنـی پرۆسـۆدیکی[دیمەن] ← [دی. مـەن]←[[σσ́] cv.cv́c [dî. mén ω← [Σ ́]←

-[هاوین]ناو نواندنی پێکهاتەیی [هاوێن]، نواندنی پرۆسۆدیکی[هاویین]←[΄Σ]← [σ.σ́] cv.cv́c [ha. wîin]

-[کوردستان]← [کور. دىس. تان] [ω←[Σ ́]← [σ.σσ΄]← cvc. cvc.cv́c [kur. dis. tán

-[ ڕەشەبا، شۆڕەبی]← [ڕە.شە.با ře. şe. ba، شۆ.ڕە.بی ω←[Σ]←[σ σσ ́]← cv.cv.cv́ ←[şo. ře. bî.

دارشتنی هاوەڵناو بە پاشگری [-ین]بە مەرجێک لە سێ بڕگە زیاتر نەبن:.

-[[زێـڕ، زیـو ، قـوور ، دار..]نـاو/pw + _یـن وشـەی ئەرکـیfnc ناهێـزدار ] ← نواندنـی پێکهاتەیـی [زێڕیـن، زیویـن]، نواندنـی پرۆسـۆدیکی[زێڕیین، زیوییـن] نواندنـی پێوانەیـی←[زێ. ڕیـن] [zê. řîn]، [زی. ویـن] [:[zî. wîn ω←[Σ ́]←[σσ ]cv.cv́c

دەرکردەبەرهەمهاتووەکانی ئاسـتی دارشـتنی سـفر، کـە گۆڕینـی پۆلـە کەتیگـۆری [هاوەڵنـاو/ ڕەگـی کـردار بـۆ← نـاو] تەنهـا بـە گۆڕینـی شـوێنی هێـز. بـە مەرجێـک لـە سـێ بڕگـە زیاتـر نەبـن.

-[لەرز]ڕەگی کردار[ω←[Σ]← [.σs] cv́cc ←[lérz. & [لە. ڕ΄ز]ناو←[ω←[Σ]←[σ σ́.] cv.cv́c [le. ríz

-[پاڕێز]ڕەگـی کـرداری پاراسـتن لـە ڕەگـی کـرداردا هێـزی سـەرەکی دەکەوێتـە سـەربزوێنی بڕگـەی یەکـەم دروسـتەکە لـە دوو بڕگـە پێکدێـت و پـێ ی ترۆکێکیـی بەرهەمدێنێـت: [پاڕێز]ڕەگـی کـرداری پاراسـتن←[.σ́.] cv́.cvc [pá. rêz] ω← [΄Σ]← [σ]وشـەی فۆنۆلۆجـی.

بـەڵام لـە ژینگـە دارشـتنیی پێکهێنانـی کەتیگـۆری (نـاو) دا(کـە ژینگەیەکـی دارشـتنی فۆنۆلۆجییانەیـە) شـوێنی هێـز دەگۆڕێـت بـۆ سـەر بزوێنـی بڕگـەی کۆتایـی، دروسـتە بڕگەییەکـەی ئەبێـت بـە [پـا. ڕێز]نـاو[pa. rê΄z] cv.cv́c

ω← [Σ́]← [σ. σ́.]←. (پـێ)ی ئایامبیکـی پێکدەهێنێـت، کەواتـە دروسـتەی (پـێ) لەهـەردوو کەتیگۆرییەکـەدا هـەر لـە یـەک (پـێ) پێکدێـت، بـەڵام بـەدوو ریتمـی جیـاواز.

لـە ئاسـتی یـەک و دوو دا تەنهـا یـەک هێـزی سـەرەکی هەیـە، دەچێتـە سـەر یەکێـک لـە بڕگـەکان و یـەک (پـێ)ی بەهێـز دروسـتە دەکات کـە (پـێ)ی (ترۆکێکیـی، داکتـڵ، ئایامبیکیـی، ئەناپسـت)ە و(پێ)یەکـەش وشـە فۆنۆلۆجییەکـە بەرهـەم دێنێـت.

## ٤-٤/١ ئاستی سێ:

ئـەو دانـە فەرهەنگییانـە لـە لەخـۆ ئەگرێـت کـە لـە سـێ بڕگـە زیاتـر پێکدێـن ولـەم بارەشـدا لـە دوو یـان لـە سـێ (پـێ)ی پێکەوەبەسـتراو پێکدێـن، کـە ڕیتمـی سـەری ڕاسـت-گر the right-most head rhyme یـان ڕیتمـی سـەری چەپ-گـر the left-most head rhyme یـان هەیـە لـە چەنـد (پێ)یەکـدا لـە وشـەیەکی فۆنۆلۆجـی دا، واتـە زیاتـر لـە یـەک (پـێ) هەیـەو ئاسـتی ناوەنـدی بڕگـەو (پـێ)ی هەیـە کـە ئاسـتی بەسـتنەوەی بڕگـەو (پێ)یـە هێزدارەکانـە، ئاسـتی دووەمـی (پـێ)ی هەیـە کەتیایـدا پێیـەکان پێکـەوە دەبەسـترێنەوەbounded feet واتـە پێـی ئاوێتـە بەرهـەم دێنـن بـۆ پێکهێنانـی (وشـە فۆنۆلۆجییەکـە). لـەم بـارەدا بـاڵا دەسـتی (پـێ) foot dominance دێتـە ئـاراوە لـە وشـە فۆنۆلۆجییەکـەدا کـە پارامێتـەری شـێوەی (پـێ) یـە foot- shape parameter ، بـە جۆرێـک ئـەو (پێ)یـەی کـە هێـزی سـەرەکی دەکەوێتـە سـەر بزوێنـی یەکێـک لـە بڕگـە پێکهێنەرەکانـی ئەبێتـە (پـێ)ی باڵادەسـت، واتـە ئـەو (پێ)یـەی کـە بڕگـە هێزدارەکـەی تێدایـە ئەبێتـە (پـێ)ی باڵادەسـت، ئەولایـە دەسـت نیشـان دەکات کـە سـەر head ی حوکمکـەری لێیـە، ئـەوەش لـە زمانـی کوردیـی دا بـە پێـی پۆلـە کەتیگـۆری وشـەکە دیاریدەکرێتـەوە بـە جۆرێـک بۆئـەو (ناو)انـەی کـە لـە سـێ بڕگـە زیاتـرن لـە یـەک (پـێ) زیاتـر پێکدێـن و هێـزی سـەرەکی دەکەوێتـە سـەر بزوێنـی بڕگـەی کۆتایـی لـە (پـێ)ی کۆتاییـان دا (وەک لـە : دایکوبـاوک day.kù. ba.wí k)، بـە پێـی نووسـینی ئەلـف بێـی جیهانـی و لاتینـی ریتمـی سـەری ڕاسـت-گر the right-most head rhyme یـان ئەبێـت و لـەم بـارەدا (پـێ)ی ڕاسـت -باڵادەسـتright-dominate foot بەرهـەم دێـت، وشـە فۆنۆلۆجییەکـە ڕییتمـی سـەری ڕاسـت-گر the right-most head rhyme ی هەیـە.

ئەگەر(هاوەڵنـاو)ە کـە لـە سـێ بڕگـە زیاتـر بـوو لـە یـەک (پـێ) زیاتـر پێکدێـن و هێـزی سـەرەکی دەکەوێتـە سـەر بزوێنـی یەکێـک لەبڕگەکانـی (پـێ)ی سـەرەتایان(بە پێـی پۆلەکەتیگـۆری کەرتـی یەکەمـی وشـەکە)، بـە پێـی نووسـینی ئەلـف بێـی جیهانـی و لاتینـی ریتمـی سـەری چەپ-گـر the left-most head rhyme یـان ئەبێـت و لـەم بـارەدا (پـێ) ی چەپ-باڵادەسـت left -dominate foot بەرهەمدێـت(CRISTAL, ٢٠٠٨:١٩٣). یـان بـە پێـی کەرتـە پێکهێنەرەکانـی وشـە فەرهەنگییـە و بـە پێـی چەنـد گریمانەیەکـی سـیمانتیکیی فەرهەنگیـی بـۆ دیاریکردنـی شـوێنی هێـزی دانـە فەرهەنگییـەکان، ڕیزبەنـدی (پـێ)ی هێزدار/هێـزی یەکـەم (پـێ)ی لاواز/هێـزی دووەم، بـۆ دروسـتەی پێوانەیـی وشـە فۆنۆلۆجییەکـە دیاریدەکرێـت و ریتمـی[Σs Σw] یـان [Σw Σs] دەسـت نیشـان دەکرێـت، بەگشـتی ئـەو دانـە فەرهەنگییانـەی دەکەونـە ئـەم وەچـە ئاسـتەوە:

نواندنـی هەندێـک لـە (نـاو)ە سـێ بڕگەییـە لێکـدراوەکان کـە هێـزی سـەرەتاگری ریتمییـان هەیـەو هەڵاواردنـن لـە هێزدانـان ئاسـتی دوو دا:

I. وەک لەم نموونانەدا کە ریتمی [Σs Σw]یان هەیە:

نواندنـی سـەرجەم دەرکـردەی پرۆسـە مۆرفۆلۆجییەکانـی دارشـتن و لێکدانـی (هاوەڵنـاو،)ە کان کـە لـە سـێ بڕگـە

زیاتـرن دوو (پـێ) بەرهـەم دێنـن:

-[پایەبـەرز، پایەبڵنـد]←[[، پـا. یـە. بـە.رز cv.cvφ cv.cvφ ] pa. ye. be. riz [ پـا. یـە ب.i ڵ.i نـد]pa. ye. bi. l'ind

σw σ] ←[Σw Σs]←ω w. s1́ ∾σw σ]← [σw σs2 s1́ .cv.cv́. cv.cv̀cc [σw σs2

-[تازەزاوا]←[تا. زە. زا. وا. [σw σs2 cv.cv́. cv.cv̀c :[ta. ze. za. wa. ω s1́ [Σw Σs]← σw σ]←

-[نیشـتیمان پـەروەر]←[نیـش. تـی. مـان. پـەر. وەر. cvc.cv. cv́. cvc.cv̀c ]← nîş. tî. man. per. wer

.σs σw σ]← [Σw Σs]←ω w. s1́ ∾←[σw σs2

نواندنی هاوەڵناوە ئێکسۆسێنتریکەکان و ئێندۆ سێنتریکەکان:

-[سـاردوگەرم، ترشوشـیرین، بەرزونزم،]←[سـار. دو. گـە. رم، sar. du. ge. rim، تـ.ir شـو. شـی. ریـن، tir. şu. şî. rîn

بـەر. زو. نi. زم σs2 .σw]←، cv́c.cv cv.cv̀c [ ber. zu. ni. zim σw s1́ ω←[Σw Σs] [.σ

II. لەم نموونادا کە ریتمی -[Σw Σs]:


١-[تەلەفیـزۆن، سـەتەلایت]، [کانـی سـپیکە، گـردی سـەیوان،....] دروسـتەی پێوانەییـان ئەبێـت بە:[تە.لـە. فـی.زۆن]

cv.cv. cv.cv̀ [te.lè fî. zón] ،[سـە. تـە. لا.ییـت. se. te. la. yît]، [کا. نـی. سـپی. کـە [ka. nî. spî. ke

cv.cv̀. ccv.cv́ ، [گـ.ir دی. سـەی. وان σw σs1] ، cvc.cv̀. cvc.cv́c [gir. dî. sey. wan σw σs2] → [Σ

.ΣwΣs]←ω] [wΣS1∾S2

- نواندنی دروستەی پێوانەییان بە هێڵکاری درەختی ئەبێت بە :




-هێڵکاری ریتمییەکەی کە لە هێڵکاری تۆرییەکەی سەرچاوەی گرتووە ئەبێت بە :

ω: . . X .

Σ: . X . X.

σ: X. X. X. X.

σ : ka. nî. spî. ké

٢- [هاوینەهـەوار] نـاوی گەڕەکانـی [ئیبراهیـم پاشـا، برایـم ئەحمـەد،..] دروسـتەی پێوانەییـان ئەبێـت بـە: [ هـا. وی. نـە. هـە. وار cv̀.cv.cv. cv.cv́c [ha. wî. ne. he. war ، [ئیـب. را. هیـم. پـا. شـا . cv̀c. [ ra. hîm. pa. şa îb

cv.cvc. cv.cv́ ، [ب.i. را. ییـم. ئـەح. مەد σw σs1] ،، cv̀.cv.cvc cvc.cv́c [bi. ra. yîm.'ah. med] σs2

.ΣwΣs]←ω] [wΣS1∾σw σs] ← [Σ S2

چەندیـن نموونـەی تـر کـە درێـژە پێدانەکەیـان لەبەشـی سـێیەمی تێـزی (دەنگسـازیی فەرهەنگیـی و دوافەرهەنگـی لـە کوردییـدا) ڕاڤەکـراوە.

### ١/٤-٥ ئاستی چوار:

ئـەو دانـە فەرهەنگییانـە لـە لەخـۆ ئەگرێـت کـە لـە دوو یـان سـێ (پـێ)ی هێـزداری پێکـەوە بەبەسـتراوە پێکدێـت، لـە یـەک کـەرت زیاتـرن، وەک :

پارادایمە ناوییەکان: [هە. لۆ.یەک pph ← [Σs Σs] ←[Σσs Σσw σs] cv.cv. cv́c .he. l'o. yek]

پارادایمـە هاوەڵناوییـەکان: - لـە [چاکتر ، باشـتر ، خۆشـتر...]، نواندنـی پێوانەییـان ئەبێـت بە[چاک.تـرçak. tir، بـاش. تـر baş. tir، خـۆش. تـرpph ← [Σs Σs] ← [Σσs Σσs] ، cvc. cv́c .xoş. tir]

- [چاکتریـن، باشـترین ، خۆشـترین...] نواندنـی پرۆسـۆدیکیان ئەبێـت بـە [چاکتریـن، باشـترین ، خۆشـترین]، نوانـدی پێوانەییـان ئەبێـت [چـاک. ت.i ریـن çak. ti. rîn، بـاش. ت.i ریـنbaş. ti. rîn ، خـۆش. ت. ریـن xoş. ti. rîn]← cvc. .cv.cv́c ← [Σσw σs Σσs] ← [Σs Σs] ← pph

پارادایمـە کردارییـەکان: [ خـواز xiwaz، سـپێر sipêr ، خـۆ xoş، پاڵێوpal'êw...]رەگـی کـردار + [-ت، د] ئەسـپێکتی شـکانەوە/ وشـەی ئەرکـی هێـزدار] ← ناسـوورپی [دوای شکانەوە:[خواسـت، سـپارد، خـوارد، پـاڵاوت]، نواندنـی پێوانەییـان هەموویـان ئەبێـت بـە: [ف .iرۆشـت fi. roşt، خ .iواسـت xi. wast، س .iپـارد si. pard ، خ .i وارد xi. ward، پـا.ڵاوتpa.l'awt...]، نواندنـی پێوانەییـان ئەبێـت بـە : pph ← [Σs Σs] ← [Σσs Σσs] ←[σ:́σ] ← cv́.cv́cc .


پارادایمـەکان لەیـەک کەتیگـۆری فەرهەنگـی زیاتـر پێکدێـن، لـەم بـارەدا (پێ)یـە هێـزدارەکان پشـت نابەسـتن بـە ژمـارەی برگـە پێکهێنـەرەکان بەڵکـو پشتدەبەسـتن بـە کەرتـە فەرهەنگییـە هێـزدارەکان، و زیاتـر لـە لەیـەک (پـێ) ی هێـزدار پێکدێـن کـە ریتمـی سـەری ڕاسـت-گر the right-most head rhyme یـان ریتمـی سـەری چەپ-گـر the left-most head rhyme یـان هەیـە لـە چەنـد (پـێ) یەکـدا لـە بـەڵام لـە (فرێـزی فۆنۆلۆجـی) دا نـەک لـە (وشـەی فۆنۆلۆجـی)دا، واتـە بەگشـتی زیاتـر لـە یـەک (پـێ)ی هێـزدار هەیـە، لەهەنـدێ بـاری هـەڵاواردن دا نەبێـت کـە تەنهـا لـە یـەک برگـەو یـەک (پێ)پێکدێـن، بـەڵام ئاسـتی دووەمـی (پـێ)ی نییـە و تیایـدا (پێ)یـەکان پێکـەوە نابەسـترێنەوەunbounded feet واتـە (پـێ)ی ئاوێتـە بەرهـەم ناهێنـن چونکـە لەبـری وشـەی فۆنۆلۆجـی فرێـزی فۆنۆلۆجـی بەرهـەم دێنـن، هەمـوو کاتێـک ڕێگـە پێـدراوە کەرتـی نـوێ (وشـەی فەرهەنگـی ، یـان چەنـد وشـەیەکی ئەرکـی ڕێزمانی(ئەسپێکتەشـکانەوەیەکان، نەرێکـردن، کـۆ وناسراوی...)، یـان کلتیکـەکان ) بکەونـە نێوانیانـەوە و (پـێ) ی هێـزداری تـر دروسـت بکـەن چونکـە ئـەم کەرتـە پێکهێنەرانـەی کـە باسـکران دانـەی هێـزدارن و زۆربـەی جـار دەتوانـن (پـێ)ی هێـزدار دروسـت بکـەن بـە مەرجێـک ڕووبـەڕووی پێکداچوونـی برگەیـی نەبنـەوە. لـەم بـارەدا بـاڵا دەسـتی (پـێ) foot dominanceدێتـە ئـاراوە لەفرێـزە فۆنۆلۆجییەکـەدا

بـە پێـی دەرئەنجامـە بەدەسـتهاتووەکان، ئاسـتەکانی هێـزو نواندنـی پێوانەیـی ئاسـتە فەرهەنگییـەکان و ئاسـتە دوافەرهەنگییەکانـی زمانـی کوردیـی لـەم خشـتەیەدا ڕوون دەکرێتـەوە:

ئاستی فەرهەنگ:

نواندنی فۆنۆلۆجی پێوانەیی/پرۆسۆدی

-ئاستی ریتمی چەسپاو:



خشتەی(١)دیاریکردنی ئاستەکانی فەرهەنگ بە پێی شوێنی هێز و نواندنی دروستەی پێوانەیی دانەفەرهەنگییەکان شانبەشانی پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکانی وشە ڕۆنان لەئاستی فەرهەنگ و دوا فەرهەنگی کوردییدا

لیستی هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| pw /ω | وشەی فۆنۆلۆجی |
| .Fnc | وشەی ئەرکی |
| pph | فرێزی فۆنۆلۆجی |
| IP | فرێزی ئاوازەیی |
| Utt | دەربڕاو/ دەربڕاوی فۆنۆلۆجی |
| Σ | (پێ) ی لاواز/ ناهێزدار |
| ´Σs/ Σ | (پێ) ی هێزدار |
| σ | بڕگە |
| σ́ - σs | بڕگەی هێزدار |
| σw | بڕگەی لاواز/ ناهێزدار |

ئەنجام:

١-کەتیگۆرییە پێوانەییەکان بەشێکن لە کەتیگۆرییە پەرۆسۆدیکییەکان و دەکەونەئاستی فەرهەنگەوە لە زمانی کوردیی دا.

٢- کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییە پێوانەییەکانی وەک (مۆرا، بڕگە، پێ، وشەی فۆنۆلۆجیی)و هەندێک لە فرێزە فۆنۆلۆجییەکانی وەک پارادایمەکانی (ناو ، هاوەڵناو، پارادایمە کرداریەکان) دەکەونە ئاستی فەرهەنگەوە، بە ریتمێکی تایبەت نواندنی پرۆسۆدیکییانەیان بۆ دەکرێت.

٣-دەکرێت لە توێژینەوەیەکی تردا و لە شیکاریی زیاتردا ئەوەبسەلمێنرێت کە ئایا هێز لە کوردیی دا یەکەیەکی کەرتییە یان ناکەرتییە؟ ،ئایا هێز یەکەکی کەرتی مۆراییە و دەکرێت بە مۆرایەکی وەک بزرۆکە(i)بنوێنرێت؟؟؟ یەکلاکردنەوەی ئەم بابەتە زمانی کوردیی دەکات بەیەکێک لە زمانە مۆراییە-کاترێکخراوەکانmora-timed language. ، یان نا. ؟

٤- تایبەتمەندی بڕگە لە رووی بڕگەی (درێژ، کورت ، قورس، سووک، کرژ، خاو)، کاریگەری نییە لەسەر بنەماکانی هێزدانان وشوێنی هێز لە کوردییدا، بەڵام هێز کاردەکاتە سەر جۆرە کوالیتی دەنگە پێکهێنەرەکانی ئەو بڕگەیەی کە هێزی دەکەوێتەسەر.

٥- وەک لە ڕاڤەکردنانەکانەوە دەردەکەوێت دانانی هێز و گۆڕینی شوێنی هێز ئەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری (پێ) ئەوەش گۆڕانی ریتمی لێدەکەوێتەوە لە وشەی فۆنۆلۆجیدا، گۆڕانی شوێنی هێز لە ئاستی فەرهەنگەوە بۆ ئاستی دوافەرهەنگ گۆڕانی کەتیگۆرییە پرۆسۆدیکییەکانی لێدەکەوێتەوە.

٦- هێز لە زمانی کوردییدا لە جۆری ئەکسێنتی هێزی ریتمییە ، کە ئەکسێنتیی هێزی ریتم چەسپاو، ئەکسێنتیی هێزی ریتم گۆڕاو ئەگرێتەوە . ئەکسێنتی هێزی ریتم گۆڕاو، یان سەرەتاگری ئەبێت یان کۆتاگری لەئاستی یەک و دوو دا ، یان هێزێکی پلەداری ریتمی ئەبێت لە ئاستی سێ و چوار و لەئاستی دوافەرهەنگ دا. ئەکسێنتی هێزی ریتمی پلەداریش دوو جۆرە: وەک، هێزی ریتمی سەرەتاگری[ΣsΣw]، هێزی ریتمی کۆتاگری[Σw Σs] دەکەونە ئاستی سێ لەفەرهەنگدا.

## الخلاصة:

عنـوان البحــث هــو (البنيــة المعياريــة للوزن/للقــدم الإيقاعــي والضغــط في النــماذج المعجميــة ومــا بعدالمعجميــة في اللغــة الكرديــة) مــما يــدل عــلى أن البنيــة المعياريــة لبعــض الكلــمات الوظيفيــة والكلــمات الصوتيــة هــي جــزء مــن البنــى العروضية/بروســوديكيية وتقــع عــلى مســتوى المعجــم. يتــم شرح الوزن/القــدم الإيقاعيــة وأنواعهــا وموضــع الضغــط في الكلــمات الصوتيــة. وقــد تمــت محاولــة إثبــات أن الكلــمات الصوتيــة يتــم التعبــير عنهــا بإيقــاع محــدد عــلى مســتوى المعجــم، وتتكــون الوحــدة الإيقاعيــة مــن أقــدام، وتتكــون الأقــدام مــن مقاطــع قويــة وضعيفــة، بمعــدل مقطــع إلى ثلاثــة لــكل قــدم، القــدم قويــة تحمــل الضغــط اللهجــة. وتقــع الضغط/الارتــكاز عــلى مقطــع أحــد المقاطــع المضغوطــة/ المرتكيــزة التــي تتكــون منهــا القــدم. بحيــث يكــون إيقــاع وحــدات المعجــم في اللغــة الكرديــة عــلى اختــلاف أنــواع القــدم، وذلــك بســبب اختــلاف مــكان الضغــط في الكلمــة، أو بمعنــى آخــر يتشــكل إيقــاع الكلــمات مــن مــكان القــوة يتــم وضــع فئــة المعجمــي وصرفــه الصحيــح في الكلمــة. تــم الحصــول عــلى هــذه النتائــج مــن خــلال الأخــذ بعــين الاعتبــار الدقــة المــتري والشــكلية/ المورفو-بروســوديكية للكلــمات.

الكلــمات الرئيســية: الــوزن / القــدم المتريــة والقــدم الإيقاعيــة، القــدم التروشــايكية والقــدم الدكتيليــة، القــدم التيامبيــة/ الشــعر العمبقــي والقــدم الأنابيســت، القــدم الســبوندية/ الســبوندية تفعيلــة ذات مقطعــين، القــدم المنحلــة، الأقــدام المقيــدة.

# The metrical structure of Rhythmic foot and stress in Lexical and Post-Lexical model of Kurdish

## Abstract:

The title of the research is (The Metrical Structure of Rhythmic Foot and Stress in the Lexical and Post-lexical Models in the Kurdish), which indicates that the metrical structure of some function words and phonological words is part of the prosodic structures and is located at the lexical level. Rhythmic weight/foot, its types, and position of stress are explained in phonological words. An attempt has been made to prove that phonological words are expressed with a specific rhythm at the lexical level. The rhythmic unit consists of feet, and the feet consist of strong and weak syllables, at a rate of one to three syllables for each foot. The foot is strong and carries accent stress. The stress falls on one of the stressed syllables that make up the foot. So the rhythm of the lexical units in the Kurdish language differs in different types of footing, due to the difference in the place of stress in the word, or in other words, the rhythm of words is formed from the place of stress. The lexical category and its morphological structure are placed in the word. These results were obtained by taking into account the metrical and morpho-prosodic structure of the words.

**Keywords: Keywords: Metrical foot & Rhythmic foot, Trochaic foot & Dactyl foot, Iambic foot & Anapest foot, Spondee foot, Degenerate foot, Bounded feet.**

## سەرچاوەکان:


عەبدولجەبار مستەفا مەعروف وسازان زاهیر سەعید(٢٠١٨)،زانیاری فەرهەنگی-نواندنی فۆنۆلۆجی لە کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی پێنجەم، ژمارە:١٥ ، کانوونی یەکەمی ٢٠١٨.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف وسازان زاهیر سەعید(٢٠١٩)، پرۆژەی مۆرفۆفینتاکسیی لە نێوان فەرهەنگ و سینتاکسدا ، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی ٢٣، ژمارە : ٣، ساڵی ٢٠١٩.

Anthony Fox(2000), Prosodic Features and prosodic Structure, OXFORD UIVERSUTY PRESS , United Kingdom.

Booij, Geert (1992),ON THE RELATION BETWEEN LEXICAL AND PROSODIC PHONOLOGY, In: Pier MarcoBertinetto, Michele Loporcaro, 1987, Certamen Phonologicum: Papers frome the 1987 Cortona Phonology Meeting, Rosenberg& Sellier,Torino,1988.https://www.academia.edu/12336379/Lexical_phonology_a_review

Booij, Geert (2006), Lexical Phonology and Morphology, ,In : keith Brown, (Editor –in- Chief) Encyclopedia of Language & Linguistics, Second Edition, volume ( 7 ), pp.( 9497-), Oxford: Elsevie

BRETT D.HYDE ( 2001), METRICAL AND PROSODIC STRUCTURE IN OPTIMALITTY THEORY, New Bruns wick, New Jersey,2001.

Crystal, David (2008), A Dictionary of Linguistics and Phonetics , Sixth Edition , Blackwell Publishing Ltd.

Giovanna Marota (2003), What does Phonology tell us about Stress and Rhythm? Some reflections on the Phonology of Stress, University of Pisa, Italy. www.ReserchGate.com .

Gorka Elordieta (2014), The word in phonology, Chapter1, https://www.researchgate.net/publication/283721235_The_word_in_phonology ..

Hammond, Michael (1995), METRICAL PHONOLOGY, Copyright BY Annual Reviews Inc. 1995 .https://www.annualreviews.org/doi/abs/10.1146/annurev.an.24.100195.001525

Hayes, Bruce (1990), A METRICAL THEORY OF STRESS RULES, Massachusetts Institute of technology. June, 1980.

Hayes, Bruce (1995), Metrical Stress Theory: Principles and Case Studies, by the University of CHICAGO Press, Chicago abd London1995.

Kiparsky, P.(2021), Stress, Meter, and Text-setting, In: Carlos Gussenhoven, Aoju Chen(2021), The Ofxord Handbook of Language Prosody, VIII,48 ,p 657675-. Oxford University press.©2022. https://web.stanford.edu/~kiparsky/Papers/handbook_2016.pdf.

Maria-Josep Solé (1991), Stress and Rhythm in English, Revista Alicantina de Estudios Inglesses 4(1991): 145162-. (Alicante Journal of English Studies 4(1991):145162-

Nespor, M., and I.Vogel (1986), Prosodic Phonology. Dordrechat: Foris publications. Pp.xiv+327.

Selkirk, E. O. (1986) , On derived domain in sentence phonology, In: Phonology Yearbook 3(1986)371-

405, Printed in Great Britain.

Selkirk, E. O. (1996), The Prosodic Structure of Function Words, In: James L.Morgan, Katherine Demuth ,1996: SIGNAL TO SYNTAX: Bootstrapping From Speech to Grammar in Early Acquisition. By Lawrence Erlbaum Associates. Inc. Brown University.

TRASK (1996)/R.L TRASK (1996), A Dictionary of Phonetics and phonology, first published 1996, in the USA and Canada , Transferred to Digital Printing 2006.

Zapata.A Argenis(2009): Srtess and Rhythm, Idioma A : Fonética y Fonología Inglesa I Semestre B-2009. Universidad de Los Angdes Faculttad de Hummanidades y Edución , Escuela de Idiomas Modernos

a. Hall, T. Alan (1999), Phonotactics and the Prosodic Structure of German Function Words, p 99133-

b. Laura J. Downing(1999), Prosodic Stem= Prosodic Word, p 7399-.

c. Renate Raffelsiefen (1999), Diagnostics for Prosodic Words Revisted: Yhe Case of Historically Prefixed Word in English,. p133203-. In: Hall, T. Alan and Kleinhenz , Ursula (1999), Studies on the Phonological Word , Volume 174 , John Benjamins B.V.